**ئەم توێژینەوەیە بە دوو بەش لە گۆڤاری ڕامان لە ژمارەکانی «٢٦٦ و ٢٦٧» ساڵی ٢٠١٩ بڵاو کراوەتەوە.**
www.raman-media.net

# دیوانی زەینەب خان «کچە کورد» ڕاستییە یان وەهم؟

**سوداد ڕەسووڵ**

## پێشەکی

لەماوەی ساڵی ڕابردوودا دیوانی شاعیرێکی نەناسراو بە ناوی «زەینەب خان، کچە کورد» کەوتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە.[1] ئەم دیوانە لە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا وەک ڕووداوێکی گرنگی ئەدەبی پێشوازی لێ کرا، چونکە بۆ یەکەم جار بوو ناوی ئەم ئافرەتە، کە خوشکی دڵداری شاعیرە، وەک شاعیر بێتە نێو دنیای ئەدەبی کوردییەوە، ئەمە لە کاتێکدا لە سەردەمی خۆی بە شاعیر نەناسراوە و هیچ شیعرێکیشی لە ماوەی ژیانی خۆی بڵاو نەکردووەتەوە.

ئەوەی زیاتر لەم دیوانە جێگەی سەرنجدانە ئەوەیە ئافرەتێکی شاعیر کە لە نیوەی یەکەم و سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ژیاوە «١٩٠٠ – ١٩٦٣»، کۆمەڵێک شیعری نوێی بە زمانێکی کوردیی پاراو و پەتی نووسیوە، کە لەو سەردەمە ئەو زمانە پەتییە نە لای شاعیران هەبووە نە لە هیچ کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەیەکیش بەم زمانە نووسیویانە، لە لایەکی دیکەوە ئەوەی زیاتر جێگەی تێڕامانە ئەو بابەتانەیە کە ئەو شاعیرە ئافرەتە لەو سەردەمە باسی کردووە، وەک مافی ئافرەت و یەکسانی کوڕ و کچ، سەربەخۆیی کوردستان، چوار پارچەی کوردستان، ئاڵای کوردستان، یەکی ئایار جەژنی کرێکاران، ئینگلیزی داگیرکەر، .. ئەمانە بابەتگەلێکن کە لەو سەردەمە بە دەگمەن ئەگەر شاعیرێک هەڵکەوت بێت ئاوڕی لەسەر یەکێک لەم بابەتانە دابێتەوە و شیعری لەبارەوە نووسی بێت، جا چ جای ئەوەی لە

---

1 - دیوانی زەینەب خان، کچە کورد ١٩٠٠ – ١٩٦٣، ئامادەکردنی: حەمید مەلا ڕەئووفە فەندی خادم سوجادە، پێشەکی و پێداچوونەوە و ڕێکخستن: عەبدوڵڵا زەنگەنە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨.

کۆمەڵگەی بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەم لە کوردستاندا ئافرەتێک لەو ئاستە ڕۆشنبیرییەدا بێت و درکی بەم هەموو مەسەلانە کردبێت و بە جورئەتەوە ڕووبەڕوویان بێتەوە شیعری لەبارەیانەوە نووسی بێت!. ئەمانە هەمووی کۆمەڵێک گومان و پرسیار دێننە پێش، کە ئاخۆ ئەم شاعیرە ڕاستییە یان وەهمە؟ زەینەب خان خوشکی دڵدار بووە و ئەم هەموو ساڵە بە سەر وەفاتی تێپەڕیوە شاعیر نەبووە بۆچی ئەمڕۆ کتوپڕ دیوانێکی گەورەی شیعری بۆ پەیدا بوو؟ ئەمانە و کۆمەڵیک پرسیاری دی پێویستە بە میتۆدێکی ئەکادیمی توێژینەوەیان لەسەر بکرێ و لایەنە تاریکەکانی ڕووناک بکرێنەوە، و هەرچی دوودڵی و گومان هەیە سەبارەت بەم ئافرەتە و ئەم شیعرانە بڕەوێتەوە.

ئامادەکار و چاپکەری دیوانەکە عەبدوڵلا زەنگەنە بە جۆرێک باسی ئەم دیوانە و شیعرەکانی دەکات کە پێی وایە ئەمە گەوهەرێکە تازە دەدۆزرێتەوە، شایەنی ئەوەیە زۆری لەسەر بنووسرێت. هەروەها بە ڕادەیەک بەم خانمە سەرسام بووە و پێی وایە ئەم شاعیرە ئافرەتە ٧٥ ساڵێک پێش ڕۆژگاری خۆی هاتۆتە دنیاوە و تا ئێستا لە وێنەی پەیدا نەبووەتەوە.[1] لە هەمان کاتدا لە چەندین شوێن، بە تایبەت لە چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەکان، دووبارەی دەکاتەوە کە پێی خۆشە توێژینەوە لەسەر ئەم دیوانە بکرێت، ئەگەر بۆچوونی دژیش هەبێت پێویستە بنووسرێت و ڕەخنەی لێ بگیرێت.

بە سەرنجدانێکی سەرپێی لە زمانی شیعرەکان و ناوەڕۆکی شیعرەکانی ئەم دیوانە، دەکرێ بە ئاسانی دەستنیشان بکرێ کە ئەم شیعرانە هی چ سەردەمێکن، بۆیە هەر دوای بڵاوبوونەوەی دیوانەکە چاوەڕێ بووم کە زۆر ناخایەنێت نووسەران و توێژەرانی ئەدەبی کوردی ئەم دیوانە شەنوکەو دەکەن و ڕاستی و دروستیی شیعرەکانی بۆ خوێنەران و ئەدەبدۆستان ساغ دەکەنەوە، بەڵام ئەوەی بۆ من جێگەی سەرسوڕمان بوو، سەرنج و نرخاندنی نووسەران بۆ ئەم دیوانە تەواو بە پێچەوانەوە بوو، ئەو کتێبانەی دواتر لەبارەی ئەم دیوانەوە دەرچوون هەر هەمووی تەرخان کرابوون بۆ ستایش و بەرز نرخاندنی شیعرەکان و توانای شیعری و هزری ئەم ئافرەتە شاعیرە کە لەو سەردەمە پەی بەم بابەتانە بردووە و شیعری بۆ هۆنیوەتەوە.

بەم دواییە سێ توێژینەوە بە کتێب لەبارەی ژیان و شیعرەکانی ئەم شاعیرە بڵاو بوونەتەوە، بێجگە لە بڵاوبوونەوەی چەندین وتار لەسەر ژیان و شیعرەکانی زەینەب خان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان. یەکێک لەم کتێبانە لە لایەن دکتۆر شوکرییە ڕەسووڵ بوو بە ناوی «زەینەب خان، کچە کورد، ١٩٠٠ -١٩٦٣، خانمە شاعیری پێشەنگ لە خەبات و کۆڵنەداندا»[2]. لەم لێکۆڵینەوەیە دکتۆر شوکرییە بە فراوانی سەبارەت بە ناوەڕۆک و بابەتی شیعرەکانی ئەو

---

1 – هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل.٣٤.

2 – پ. د. شوکرییە (شەکراو) ڕەسووڵ، زەینەب خان (کچە کورد) خانمە شاعیری پێشەنگ لە خەبات و کۆڵنەداندا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨.

خانمە شاعیرەی نووسیوە و پێی وایە ئەم خانمە لە نێو کورد پێشەنگ بووە کە لەو سەردەمە سەبارەت بەم هەموو بابەتە گرنگە وەک پرسی یەکسانی ژن و پیاو، یەکی ئایار جەژنی کرێکاران و زۆر بابەتی دیکە شیعری نووسیوە، لە کۆتاییەکەی پێی وایە ئەو خانمە شاعیرە ژنێکی هۆشیار و ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەر و شاعیرێکی بەتوانا و کوردپەروەر بووە، هەروەها پێی وایە بەپێی سەردەمەکەی خۆی ژنێکی سەرکردە و شێرەژن بووە و عەقلێکی کراوەی هەبووە کە لە چەندین بۆنەدا خاوەن هەڵوێست بووە.[1]

کتێبێکی دیکە کە لەبارەی ئەم دیوانەوە نووسرابێت نامیلکەیەکە لە لایەن دکتۆر محەمەد نووری عارف بە ناوی «زەینەب خان کچە کورد، ئەو شاعیرە نیشتماپەروەرەی کە مافی خۆی پێنەدراوە»[2] . لەم کتێبەش نووسەر سەرسامی خۆی بۆ ئەو شاعیرە دەردەبڕێت کە لە بیستەکان و سییەکان ژیاوە و ئەو هەموو شیعرەی بە کوردییەکی پەتی و ڕەوان نووسیوە تا ئێستا کەس باسی نەکردووە، بۆیە مافی خۆی پێ نەدراوە. هەروەها پێی وایە ئەو شاعیرە ئافرەتێکی ڕۆشنبیر بووە و ئاشنایی بە ئەدەبییاتی فارسی هەبووە، شیعرەکانی حافز و سەعدی و مەولانا و سەنائی خوێندووەتەوە. هەروەها دەڵێت" زەینەب خان نزیکەی سەد ساڵ لەمەوبەر دەستی کردووە بە شیعر نووسین، هەر لە سەرەتاوە بە زمانێکی سادە و ڕەوان و پاراو کە دەڵێی بۆ ئەمڕۆی نەتەوەکەی نووسیوێتی و جیاواز بووە لە شێوازی بەرهەمی بەشی هەرە زۆری شاعیرانی سەردەمی خۆی، بیروڕا و بۆچوون و مەبەستەکانی گەلێ پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتوون، کە هەندێکیان دەڵێی بۆ بارودۆخی نالەباری ئەمڕۆی کورد نووسیوێتی"[3] لێرەوە دکتۆر محەمەد وەک کەسێکی شارەزای شیعری کوردی بە ڕوونی ئاماژەی پێ دەدات و هەستی کردووە کە ئەم شیعرانە هی ئەم سەردەمەن و بۆ ئێستا نووسراون، بەڵام نەیتوانیوە گومان بکات و ڕەتی بکاتەوە کە ئەمانە نابێت هی بیستەکان و سییەکان بن. لە کۆتاییەکەی ئەوەندە سەرسام بووە بە زەینەب خان و داوا دەکات لە سەرۆکی حکومەت کە پەیکەرێک بۆ ئەم شاعیرە دروست بکات و لەسەر تابلۆیەکیش ئەو دوو بەیتە شیعرەی زەینەب خان بنووسرێت کە لەبارەی هەولێری هۆڵاکۆ بەزێنەوە نووسیویەتی. هەروەها پێی باشە قوتابییەکی خوێندنی باڵای بەشی کوردی، نامەیەکی دکتۆرا لەسەر بەرهەمەکانی زەینەب خان بنووسێت.[4]

توێژینەوەیەکی دی لەبارەی ئەم دیوانە لە لایەن عوسمان موفتی بە عەرەبی نووسراوە بە ناوی «زينب خان، الأديبة الكبيره التي لم ينصفها التأريخ».[5] نووسەر لەم نامیلکەیە

---

1 – هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل. ٢٠٧ – ٢٠٨.

2 – د. محمد نوری عارف، زەینەب خان (کچە کورد)، شوێنی چاپی نییە، ٢٠١٨.

3 – هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل.٥.

4 – هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل. ٦٣.

5 – عثمان المفتي، زينب خان، الأديبة الكبيره التي لم ينصفها التأريخ، بدون مكان الطبع، اربيل، ٢٠١٨.

هەندێک باسی بیرەوەرییەکانی خۆی دەکات لە قەڵاتی هەولێر ئەوسا کە منداڵ بووە و ماڵی زەینەب خان لە قەڵات هاوسێیان بووە. لەبارەی شیعرەکانی، پێی وایە زەینەب خان سەروکاری لەگەڵ تەسووفدا هەبووە و وەسفی یەکێک لە شیعرەکانی دەکات کە پێی وایە لە لووتکەی تەسووفدایە.[1] ئەویش وەک نووسەرانی پێش خۆی بە ڕادەیەک پێی سەرسامە، زەینەب خان دەکات بە میری شاعیرانی ئافرەتی کورد، کە هەتا ئێستا شاعیرێکی ئافرەتی لەم شێوەیە لە ناو کورد سەری هەڵنەداوە کە لە چەندین بابەت و تەوەرەی جیاواز وەک خۆشەویستی، نیشتمان، نەتەوایەتی، جوانی، پەروەردە، تەسەووف، ئیمان، ستایش، حیکمەت، .. بە شیعر داهێنان بکات.[2]

وەک دیارە هەر سێ توێژەری بەڕێز زیاتر ستایشی شیعرەکان و پاشخانی ڕۆشنبیریی شاعیریان کردووە، هەروەها باسی ئەوەیان کردووە کە ئەم شاعیرە گەورەیە مێژوو ستەمی لێ کردووە کە هەتا ئێستا نەناسراوە و تازە بە کورد دەناسێنرێت، هەرگیز بە لای ئەوەدا نەچوون کە ئاخۆ ئەم دیوانە بەم هەموو شیعرە نوێیانە و بەم زمانە کوردییە پەتییە هەتا چەند ڕاستە و جێی باوەڕە تا بەم شێوەیە بایەخی پێ بدرێ، و وەک ڕاستییەکی ئەدەبی بە خوێنەران بناسێنرێت.

ئەم دیوانە شیعرییە دەکرێ لە زۆر ڕووەوە سەرنجی بدرێ و توێژینەوەی لەسەر بکرێ، ئەگەر شاعیرێک هەبووبێ بە ناوی زەینەب خان لە سییەکانەوە شیعری هەیە، ئەدی بۆ تا ئێستا نەناسراوە؟ ئەمە جێگەی پرسیارە ئەم شاعیرە ئافرەتە بۆچی ئێستا بە خوێنەری کورد دەناسێنرێت؟ لە سییەکان و چلەکان و پەنجاکان ئەم هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەیە هەبووە بۆ تاقە شیعرێکی لەمانە بڵاو نەکردووەتەوە؟ لە هیچ یەک لە کتێبەکانی مێژووی ئەدەبی کوردیش ناوی زەینەب خان نەهاتووە کە شاعیر بووە. بەڵام لە سەرووی هەموو ئەم پرسیارە بێ وەڵامانە ئەوەی زیاتر مشتومڕ هەڵدەگرێت ئەو زمانە شیعرییەیە کە ئەو دیوانەی پێ نووسراوە، زمانەکە زمانێکی نوێیە و بەهیچ پێوەرێکی زمانەوانیی مێژوویی نابێ و ناکرێ ئەم دەقانە لە بیستەکان و سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەم نووسرابنەوە، بەڵکو هی سەردەمێکی نوێترە کە زمانەکە پەتی دەکرێ و کۆمەڵێک وشەی نوێ دێنە ناو زمانەکەوە. هەروەها ڕێنووسی دەستنووسەکانی کە لە دیوانەکەدا بڵاو کراوەتەوە، ڕێنووسێکی نوێیە و لە دوای شەستەکان پەیدا بووە، ئەمەش جێگەی ڕەخنە و تێڕامانە کە چۆن دەبێت ئەم ڕێنووسە هی سییەکان و چلەکان بێت؟! لە لایەکی دیکەوە ئەم تازەگەرییە لە ئەدەب کە شیعرەکانی پێ نووسراوە لەگەڵ ئەو بابەتانەی کە باسی دەکات، ناکرێ ئەم ئافرەتە کوردە بە ڕێبازی ئەدەبی و بە فکر و بە زمان و ڕێنووس پێش سەردەمی خۆی کەوتبێت!.

---

1 – نفس المصدر السابق. ص. ١٤.

2 – نفس المصدر السابق. ص. ٢٤.

ئەم توێژینەوەیە چەند سەرنجێکی زمانەوانییە لەبارەی گۆڕانی زمان و گۆڕانی واتای وشە و تەمەنی وشە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دی. لەم ڕوانگە زمانەوانییە شیکردنەوەیەک بۆ دەقە شیعرییەکان و ڕێنووسی دەستنووسەکانی ئەم دیوانە دەکەین و هەوڵ دەدەین ئەم دەقە شیعرییانە بۆ سەردەمی خۆی بگەڕێنینەوە. لە دوو تەوەرە لەم دیوانە دەکۆڵینەوە، یەکەم: زمانی شیعرەکانی، بەراوردی دەکەین بە سەردەمی خۆی کە ئەو شاعیرە تیایدا ژیاوە لە نیوەی یەکەم و سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، بۆ ئەمەش نموونەی دەقێکی شیعری و دەقێکی پەخشان لە دوو ڕۆژنامەی ئەو سەردەمە ڕۆژنامەی «ژیانەوە» و «ژیان» بە نموونە وەردەگرین و بەراوردی دەکەین بە شیعرەکانی نێو ئەم دیوانە. دووەم: باسی قۆناغەکانی گەشەکردن و هەموارکردنی ڕێنووسی کوردی دەکەین و بەراوردی دەکەین بەو ڕێنووسەی کە لە دەستنووسەکانی ئەم دیوانەدا هاتووە، بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە کە ئەم دەستنووسانە هی چ سەردەمێکە و کەی نووسراوە.

## گەشەکردنی زمان و زمانی شیعر

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی زیندوو ئەوەیە کە هەمیشە لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە و هیچ چرکەساتێک نییە زمان تیایدا وەستاو بێت و نەگۆڕێت. زمان بەردەوام وشەی نوێ بەرهەم دێنێت و وشە وەردەگرێت و وشەی کۆنیش فەرامۆش دەکات، بۆ هەر سەردەمێکیش زمان خۆی لەگەڵ پێویستییەکانی ئەو سەردەمە دەگونجێنێت و هەموو زاراوە و وشە و دەستەواژەکانی ئەو سەردەمەش لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە و لە یادگەی خۆی ئەنباری دەکات.

دەرکەوتنی دەقی ئەدەبی لە هەر زمانێکدا، گەشەکردنی زمانەکەیە لە بواری ئەدەبی، لە هەمان کاتدا وشەکان و تایبەتمەندییەکانی ئەو زمانەش لە دەقەکە ڕەنگ دەدەنەوە، کە دواتر ئەم دەقانە دەبن بە مێژوو بۆ زمانەکە و لە ڕێی ئەم دەقانەوە، قۆناغەکانی گەشەکردنی زمان و ئەدەب دەستنیشان دەکرێن. لەلایەکی دیکەوە زمانی شیعر هەر لە ڕووی دارشتنەوە تایبەتمەندیی سەردەمەکەی پێوە دیار نییە، بەڵکو ئەو فکرانەش لە زمان خۆیان نمایش دەکەن کە لەو سەردەمە باوی هەبووە و دەقی ئەدەبی پێ نووسراوە. هەر ڕێبازێکی نوێی ئەدەبیش کاتێک دێتە نێو زمانەوە و شیعری پێ دەنووسرێت، لە نێو زمانەکە ڕەنگ دەداتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە شەقڵ و کاریگەریی ئەو سەردەمەش لەسەر دەقەکە بە جێ دەمێنێت کە ئەو دەقەی لێ بەرهەم هاتووە.

ئەگەر سەیرێکی ئەدەبی کلاسیکی کوردی بکەین کە شاعیرانی وەک فەقێ تەیران، مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، نالی، سالم، کوردی دەقی ئەدەبییان نووسیوە، بە زمانێک شیعریان نووسیوە کە هی سەردەمی خۆیان بووە، کە سەردەمی ئەدەبی کلاسیکی کوردییە، لەو سەردەمە ئەو شێوازە لە شیعرنووسین باو بووە، ئەو زمانەش کە شیعری پێ نووسراوە زمانێکە لە سەدەی حەڤدەم و هەژدەم و نۆزدەم زمانی ئەدەبی باو بووە و پڕ بووە لە وشەی

عەرەبی و فارسی و تورکی، زمانێکی کوردیی پەتی، بۆ دەقی ئەدەبی، لە ئارادا نەبووە. کاتێک بە سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەین، ئەمجارە سەردەمێکی نوێ لە گەشەکردنی زمان و ئەدەب دێتە کایەوە و هەموو شەقڵ و کاریگەرییەکانی ئەو سەردەمەش لە دەقەکان ڕەنگ دەدەنەوە. تازەگەری لە ئەدەب و زمان دەست پێ دەکات، زمانی شیعر سادە دەبێتەوە و بە کوردییەکی پەتی و ڕەوان دەنووسرێت، شیعر لە ڕووی پێکهاتە و ڕووخسارەوە گۆڕانی بە سەردا دێت، ئەمە وێرای ئەوەی کە ڕێنووسی زمانەکەش گەشە دەکات و لەگەڵ سیستەمی دەنگسازیی زمانەکە هەموار دەکرێت.

بەم پێیە سەردەمی نوێبوونەوەی ئەدەبی کوردی لە دوای سەدەی بیستەم دەست پێ دەکات و شاعیرانی وەک شێخ نووری شێخ ساڵح، ڕەشید نەجیب، پیرەمێرد، بێکەس، زێوەر، گۆران، دڵدار، .. لە باشووری کوردستان و ڕەحیم ڕەحمی هەکاریش لە باکووری کوردستان دەقی ئەدەبییان نووسیوە، ئەم دەقانەش لە ڕووی زمان و ناوەڕۆک و ڕەوانبێژی و ڕێبازی ئەدەبی لەگەڵ دەقەکانی ئەدەبی کلاسیکی تەواوێک جیاوازن، بە بەراوردکردنی دەقەکانی ئەم دوو سەردەمە دەتوانین بە جوانی گەشەکردنی ئەدەب و زمان و ڕێنووس دەستنیشان بکەین.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە هەندێک جار شاعیر دەتوانێت بە فکر یان بۆچوونێک بە پێش سەردەمی خۆی بکەوێت، بەڵام لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، بە تایبەت لە ڕووی ڕێنووسەوە ئەمە هەرگیز ڕوو نادات. بۆ نموونە لە ڕووی هەستی نەتەوایەتییەوە ئەحمەدی خانی بە پێش سەردەمی خۆی کەوتووە کە لە دیباچەکەی مەم و زین، باسی چەوسانەوە و ژێردەستەیی کورد دەکات لە بندەستیی ڕۆم و عەجەم، ئەوە دیارە ئەو هەستە نەتەوایەتییە لەو سەردەمە کە لای خانی هەبووە لە کۆتایی سەدەی حەڤدەدەم ئەو هەستە لای هیچ شاعیرێکی دیکەی کورد نەبووە کە بەم شێوەیە باسی ناسیۆنالیزمی کوردی بکات، چونکە ئەوە دیارە ناسیۆنالیزمی کوردی دواتر وەک فکر و ڕێکخستن لە سەدەی بیستەم سەرهەڵدەدات و بە نێو چینی ڕۆشنبیرانی کورددا بڵاو دەبێتەوە و هەر ئەو بیرە نەتەوەییە لە دەقی ئەدەبی کوردیشدا ڕەنگ دەداتەوە. بۆیە بوونی ئەم ناسیۆنالیزمە لە مەم و زینی خانیدا، تێگەیشتن و توانای هزریی شاعیرە بۆ تێگەیشتنی لە چەوسانەوەی نەتەوەکەی کە بە پێش سەردەمی خۆی کەوتووە، بەڵام زمانە شیعرییەکەی خانی هەر هی سەدەی حەڤدەمە و هی سەدەی بیستەم نییە.

هەر لەم ڕوانگەوە کاتێک سەیری زمان و ناوەڕۆکی شیعرەکانی دیوانی زەینەب خان و شێوازی ئەدەبیی نووسینیان دەکرێت، بۆ هەموو کەسێک جێگەی سەرنج و تێڕامانە کە چۆن شاعیرێک لە ساڵی بیستەکان و سییەکانی سەدەی ڕابردوو بە زمانێکی کوردیی سادە و پەتی ئەم شیعرانەی نووسیوە؟! هەروەها لە ڕووی نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی و شێوازی نوێی شیعری کوردییەوە، ئەم شیعرانە بە پێشەنگ دادەنرێن، کە بە پێش شێخ نووری شێخ ساڵح و گۆران دەکەون، و لە ڕووی هەستی نەتەوایەتی و شیعری بەرگری و نیشتمانی بە پێش

بێکەس و پیرەمێرد و حەمدی و کەمالی .. کەوتوون. ئەگەر ئەمەش ڕاست بێت دەبێ جارێکی دی مێژووی ئەدەبی کوردی بنووسرێتەوە و ئەم ئافرەتە لە پێشەنگی بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردی دابنرێت، چونکە ئەم هەموو داهێنانە ئەدەبییە لەو سەردەمە، بە بازدانێکی گەورەی ئەدەبی و زمانی و هزری دادەنرێت کە لەم کچە کوردە لەو سەردەمە هاتۆتە بەرهەم، ، کە ئەمەش لە دەرەوەی تێگەیشتنێکی مەنتیقی و عەقڵانییە بۆ گەشەکردنی زمان و ئەدەب.

**زمان و ڕێنووسی کوردی لە ڕۆژنامەی «ژیانەوە» و «ژیان»**

بۆ ئەوەی باشتر باسەکە شی بکەینەوە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەم و تەماشایەکی ئەو بڵاوکراوانە بکەین کە لەو سەردەمە دەرچوون، بۆ ئەوەی بزانین زمانی کوردی بۆ پەخشان و شیعر لە چ ئاستێکدا بووە، هەروەها ڕێنووسەکەی پێش هەمووارکردنی، لەو سەردەمە چۆن بووە، کە ئەو سەردەمەیە زەینەب خان ژیاوە و گوایە ئەو شیعرانەی نووسیوە.

لەساڵی ١٩٢٠ بۆ یەکەم جار لەلایەن ئینگلیزەوە ئامێری چاپ دێتە باشووری کوردستان و لە سلێمانی دادەمەزرێت. بوونی چاپخانە لەم شارە هەنگاوێکی گرنگ و زەمینە خۆشکەر بوو بۆ چاپەمەنی کوردی و گەشەکردنی زمانی کوردی. لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ – ١٩٣٠ بە هۆی ئەو چاپخانەیە کۆمەڵێک گۆڤار و ڕۆژنامە بڵاو دەکرێنەوە. سەرەتا لە سلێمانی لە لایەن مەیجەر سۆن ڕۆژنامەی پێشکەوتن دەردەچێت، دواتریش لە سەردەمی حوکمڕانیی شێخ مەحموددا بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، بانگی هەق، ئومێدی ئیستقلال بە دوای یەکدا دەردەچن. دوای ئەوەی بزووتنەوەی شێخ مەحموود سەرکوت دەکرێت و لە سلێمانی نامێنێت، ئەمجارە لە لایەن شارەوانیی سلێمانییەوە ڕۆژنامەی ژیانەوە و ژیان دەردەچێت. چاپکراوەکانی ئەو سەردەمە ئەمڕۆ لەبەر دەستمانە، دەتوانین سەیری بکەین بۆ ئەوەی بزانین زمانی کوردی لە ڕووی فۆرم و داڕشتنەوە لەو سەردەمە لە چ ئاستێکدا بووە و ڕێنووسەکەشی چۆن بووە، دواتریش چۆن گۆڕانی بە سەردا هاتووە و زمانەکە پەتی کراوە و ڕێنووسەکەشی هەموار کراوە.

بۆ ئەوەی بزانین لە بیستەکان دەقی ئەدەبی کوردی چۆن بووە، نموونەی شیعری شاعیری نوێگەر شێخ نووری شێخ ساڵح «١٨٩٦ -١٩٥٨» وەردەگرین، کە هاوسەردەم بووە لەگەڵ زەینەب خان. ئەم شاعیرە لە کاروانی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا لە ڕووی ناوەڕۆک و ڕووخسارەوە لە شاعیرە پێشەنگەکانە. ئەم دەقە شیعرییەی خوارەوە لە ٢ شوباتی ١٩٢٥ لە ڕۆژنامەی «ژیانەوە» بڵاو کراوەتەوە بە ناوی «هاواری وەتەن».[1] بە ڕێنووسی ئەو سەردەمە وەک خۆی:

---

1 – ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژمارە ١٤، ساڵی یەکەم، چاپخانەی بلدیە، سلێمانی، ١٩٢٥. ل. ٢.

"دوی شو لـه خوا دیم کـه ژنـی مشفق و معصوم
هـــــاواری اکـــرد مـــــن وطنم مــــادر ایــوەم
ایفرمــو بـه حــزنیکەوە زور عــاجز و مغموم
هــم دار ثــمردارم و هــم لـــذت مـیـــوەم
گـــر آو بدریـــم بـه شـفیقانـــه بکیـــلریـــم
پشـــکـــوتنی گـــوپکه امــلــم حاضـــر آنه
او خـلفـــه نمـامـه، لق و پوپ نـاسک، پیریم
بی آویـــه اســبـابی، بــهارم کـه خــزانــه
بی لـطــفی و بی خــذمتی ایــوه ســراسـر
اوراق امــــــل غنـــچـه امیـــدی ورانـــــم
گر بیتـو بـکــن ایــوه مـبالات بـه ژیـــانم
مانـدو احسـینیتەوە هـم سیبـر و هـم بــر "[1]

وا لـه خوارەوە دەقێکی پەخشانیش وەردەگرین کە سەروتاری ڕۆژنامەی «ژیان»ە لـه ساڵی ١٩٣٠ بڵاو کراوەتەوە، تیایدا باس لـه بایەخی چاپەمەنی دەکات لـه ژیانی میللەتدا. بە ڕێنووسی ئەو سەردەمە وەک خۆی:

**"درجەی علم و ادراکی ملتیک و نوعی پیشکوتنیان لـه مطبوعاتیان دەراکەوی چونکه ملتیکی دواکەوتو کە وریابووە پیش همو شتیک هەول ادا بو ترقی معارف کە بناغەی معارفیش**

---

بڕوانە: عەبدوڵلا زەنگەنە، ژیانەوە و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا ١٩٢٤ – ١٩٢٦، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠.

1 – ئەم شیعرانە لە دیوانەکەی شێخ نووری شێخ ساڵح خراوەتە سەر ڕێنووسی نوێی کوردی. بڕوانە دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، بەرگی یەکەم، کۆکردنەوە ە ساغکردنەوەی : ئازاد عەبدولواحید، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨. ل.٤٨٣.

دوێ شەو لە خەوا دیم کە ژنێ موشفیق و مەعسووم
هاواری ئەکـرد، مــن وەتەنم مــــادەری ئێــوەم
ئەیفەرموو بە حوزنێکەوە زۆر عاجز و مەغـــموم
هەم داری ســـەمەردارم و هــەم لـەزەتـــی میـوەم
گــەر ئـاو بـدرێـم بە شـــەفیقانـه بکێـڵرێـــم
پشـکووتنی گۆپـکەی ئەمــەلم حــازری ئـانــه
ئەو خــەلـفە نەمامەی، لق و پۆپ ناسـک، پیریـــم
بێ ئاوییــە ئەســـبابی، بەهــــارم کە خــەزانـــه
بێ لـوتـفی و بـێ خــزمەتی ئێـوە ســەراسـەر
ئەوراقــی ئــەمــەل، غـونچەی ئـومێدی وەرانم
گــەر بێتــو بـکەن ئێـوە مــوبالات بە ژیـانــم
مانــدوو ئەحــەسێنێتەوە، هــەم ســێبەر و هەم بەر

**مطبوعاته و یا بناغەی مطبوعات معارفه لە دواییدا اقتصاد و لە پیش همویاندا انجا عمارة و سیاست و سائره چونکه ملتیکی جاهل لە روی نەزانینەوە کەلی شت بە چاک ازانی و ئەیکا نتیجه ضرر و ضایع بونی حقوقی خوی انتاج اکا. بو پیشکەوتنی معارفیش یکانە رهبر مطبوعاته کە امەش انواعی هیه مثلا غزته ترجمانی حسیاتی ملتە، کتیب و ادبیات آوینەی کمالیاتی او ملتەیه و کتب علمی امەش یا تألیف و یا ترجمه اکری لە لغتیکی اجنبیی یەوە، کتیبی مکتبیش لە میانەی اماندا اژمیرری"**[1]

ئەگەر سەرنجێکی ئەم دوو دەقە بدەین، دەتوانین بە ئاسانی دەستنیشان بکەین کە ئەم دوو دەقە هی سەردەمێکە کە زمانی کوردی هێشتا پەتی نەکراوە، زمانەکە پڕیەتی لە وشەی عەرەبی و فارسی، جاروبار تورکیش، لە هەندێک وشە هەوڵی پەتیکردن دراوە، بەڵام زۆرینەی وشەکانی عەرەبییە، بە تایبەت شیعرەکەی شێخ نووری شێخ ساڵح هەرچەندە هەوڵی نوێکردنەوەی شیعری کوردی داوە، بەڵام هێشتا زمانەکەی پڕیەتی لە وشەی عەرەبی و فارسی. وشە عەرەبییەکان ئەمانەن: « مشفق، معصوم، وطن، عــاجز، مغموم، ثمر، لذت، شـفیقانە، امل، حاضر، اسباب، ، لطف، خذمت، اوراق، مبالات »، وشە فارسییەکان: «مــادر، خزان ». دەقە پەخشانەکەش بە هەمان شێوە زۆرینەی وشەکانی عەرەبییە، زۆر کەم هەوڵ دراوە بە کوردییەکی پەتی بنووسرێت. زاراوە سیاسی و ئابوورییەکان هەر هەمان عەرەبییەکان بە کار هاتوون وەک أنتاج، اقتصاد، معارف، صنایع، حقوق، مکتب، ترجمە، تألیف، ترقی، مطبوعات، عمارة، ... تاد، چونکە هێشتا زمانی کوردی زاراوەسازی بۆ نەکراوە.

پەتیکردن لە زمانی کوردیدا لە بیستەکانی سەدەی بیستەم سەرەتاکانی دەست پێ دەکات و هەوڵ دەدرێت بە کوردییەکی پەتی بنووسرێت. ئەوە بوو بۆ یەکەمجار لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن ژمارە «٢٧» ی ساڵی ١٩٢٠، مەیجەر سۆن پێشبڕکێیەک ڕادەگەیەنێت و خەڵاتێک دادەنێت بۆ ئەوانەی بە کوردییەکی ڕوون و دیار دەنووسن کە وشەی فارسی و تورکی و عەرەبی کەمتر تێدا بێت.[2] لە ژمارەکانی دواتر یازدە بابەتی بۆ دێت، لەمانە سێ کەس لەم پێشبڕکێیە دەبەنەوە، کە یەکەمەکەیان بابەتێکی شێخ نووری شێخ ساڵحە بە شیعر بە ناوی «جووت و گا شتێکی باشە»، خەڵاتی یەکەم وەردەگرێت کە پەنجا ڕوپیە بوو.[3] ئەم هەوڵە سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی نووسەران و شاعیران هان بدرێن بە کوردییەکی پاراو و پەتی بنووسن. دواتر ئەم پاکسازییەی زمان لە وشە بێگانەکان بەردەوام دەبێت و نووسەران و

---

1 – ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٢٣٦، مطبعة بلدیة، سلێمانی، ٢٤ نیسانی ١٩٣٠. ل١.

بڕوانە: ڕۆژنامەی ژیان، دووەم بەرگ، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح، لێکۆڵینەوە سدیق ساڵح، زنجیرە چاپکراوی شارەوانیی سلێمانی. ٢٠٠٣.

2 – ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە ٢٧، چاپخانەی حکومەت، سلێمانی، ٢٨ ئۆکتۆبەر ١٩٢٠. ل.٤.

بڕوانە: ڕۆژنامەی پێشکەوتن، یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح، سدیق ساڵح، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٢.

3 – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (٣). ل.٢.

شاعیران هەوڵ دەدەن بە کوردییەک بنووسن کە وشەی عەرەبی و تورکی و فارسی تێدا نەبێت.

لە توێژینەوەیەکی نامەی دکتۆرا کە لە لایەن دکتۆر جەمال جەلال عەبدوڵلا نووسراوە لەبارەی پەتیکردنی زمانی کوردی لە بیستەکانەوە تا حەفتاکان، ئاماژە بەوە دەکات کە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٤ تا ١٩٣٩، وشە خوازراوەکان «عەرەبی، فارسی، تورکی» لە زمانی کوردیدا بە ڕێژەی ٤٦.٤٨٪ بووە، دواتر پەتیکردن بە چڕی دەست پێ دەکات تا لە نێوان ساڵانی ١٩٣٩ تا ١٩٥٨ئەم ڕێژەیە زۆر کەم دەبێتەوە دەبێت بە ٩.٥٨٪ واتە زمانەکە بە ڕادەیەکی ئەوتۆ پەتی کرا. دواتر ئەم پرۆسەیە هەر بەردەوام دەبێت تا لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ تا ١٩٧٣ ئەم ڕێژەیە یەکجار کەم دەبێتەوە دەبێت بە ٤،٤٦٪ .[1] واتە زمانەکە لە حەفتاکان بە ڕادەیەکی زۆر پەتی کرا و بۆ هەر وشەیەکی خوازراو وشەیەکی کوردی دانرا یان داتاشرا.

بەم پێیە ئەو گۆڕانەی کە بە سەر فۆرمی دەرەوەی زمانەکەدا هات، گەشەکردنێک بوو بۆ زمانەکە، کە لە ئەنجامدا زمانێکی کوردیی پەتی هاتە کایەوە و لە بواری نووسینی کتێب و ڕۆژنامەگەری و داڕشتنی دەقی ئەدەبیدا پەیڕەوی لێ کرا.

**زمانی شیعرەکانی دیوانی «زەینەب خان»**

لەم دیوانە کە بە ناوی زەینەب خان بڵاو بووەتەوە، کۆمەڵە شیعرێک هەیە ڕێکەوتی ساڵانی ١٩٢٠، ١٩٢٤، ١٩٢٧، ١٩٢٨، ١٩٢٩، ١٩٣٠ و کۆمەڵە شیعرێکی دی مێژووی ساڵانی سییەکان و چلەکان و پەنجاکانی لەسەرە، لە شەستەکانیش چەند شیعرێکی نووسیوە، تەنانەت لە ساڵی ١٩٦٣ یش کە ساڵی وەفاتی شاعیرە، پێنج شیعری هەیە.

لەم توێژینەوەیە زیاتر بە لای ئەو شیعرانەدا دەچین کە لە بیستەکان و سییەکان نووسراون، چونکە ئەو سەردەمە بۆ ئێمە جێگەی مشتومڕ و ڕەخنەیە، ئەو ماوەیە کە زمانەکە هێشتا پاکسازی نەکراوە، هەروەها قۆناغی سەرەتایشە بۆ نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی.

بۆ بەراوردکاری نێوان ئەم دەقانە، دەقێکی شیعری نێو دیوانی زەینەب خان بە نموونە وەردەگرین بەناوی «سروشتی کوردستان» لاپەڕە «٦٢»، بە هەمان ئەو ڕێنووسەی کە لە دەستنووسی خۆیدا هاتووە، ئەم شیعرە لە ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی تیمار لە هەولێر نووسیویەتی، لە کۆتایی دیوانەکە وێنەیەکی دەستنووسەکەی دانراوە:[2]

جـــۆشـــا دڵــم، لــــــە وەرزی پـــایـــزی دا
ســــەری حـــوســـنی، لـــە پـــەردەی ئـــازیـــزی دا
بەهـــاران، ناســـۆری دەروون، حـــوزنـــی نامێنـــی
بـــاران موژدەی، گوڵـــەبـــاخ و ســـوێسن دەهێنـــێ

---

1 - Jamal Jalal Abdulla, Some Aspects of Language Purism among Kurdish Speakers. PhD dissertation, «unpublished», University of York, England, 1980. P.181.

2 – دیوانی زەینەب خان، کچە کورد ١٩٠٠ – ١٩٦٢. ل.٢٨٩.

چــرا شـــەوق و چــرا زەوق و چــرا ئازادی و ڕووناکی
چرای مەست و چرای دەست و چــرای هەستی بێ باکی
تــەم ڕووی لە کۆســارانە، مێــرگ ڕووی لە بــارانــە
بــاران ئاوی لە هـــەوارانە، هـــەور چـــاوی یــارانە
دەبێتە ســـەمای خـــۆشی و ســـەمای گەنجی و جوانی
ســـەمای مێرگ و درەخت و گیای ســـەوز و ئــاوی کانی
ســـەنتوور لەولاوە، هــاژە لەم لاوە، هەردووک دەخوێنن
لە نــاو قــەفـــەسی سروشــتی ڕەنگین، دڵان دەڕفێنـــن

ئەگەر بەراوردێکی سەرپێی هەر دوو دەقی ڕۆژنامەی «ژیانەوە» و «ژیان» لەگەڵ ئەم دەقە شیعرییەی دیوانی زەینەب خان بکەین، زۆر بە ڕوونی دیارە کە ئەم دوو دەقە لە دوو سەردەمی تەواو جیاواز بەرهەم هاتوون، ماوەیەکی زەمەنی زۆر لە نێوانیاندا هەیە. ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەم زمانە شیعرییە کە ئەم دەقە شیعرییەی پێ نووسراوە نابێت هی ساڵی ١٩٣٠ بێت، چونکە ئەو زمانەی کە لەو سەردەمە باو بووە، ئەو زمانە بووە کە شیعرەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح و دەقی پەخشانی کوردی لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی پێ نووسراوە، زمانێکە پڕیەتی لە وشە و دەستەواژەی عەرەبی، بەڵام زمانی ئەم دەقە شیعرییە و دەقەکانی دیکەی دیوانی زەینەب خان کە گوایە لە بیستەکان و سییەکان نووسراون، زمانێکی کوردیی سادە و ڕەوان و پەتییە، بە دەگمەن نەبێت وشەی عەرەبی تێدا نییە، واتە ئەو زمانە کوردییە پەتییەیە کە لە دوای شەستەکان و حەفتاکان لە زمانی کوردیدا هاتە ئاراوە.

ئەگەر تەماشایەکی شیعری شاعیرەکانی بیستەکان و سییەکان بکەین وەک تاهیر بەگی جاف، ئەحمەد موختار بەگی جاف، ناری، ئەدیب، ئەدەب، حەمدی، سافی،.. کە درێژبوونەوەی ئەدەبی کلاسیکی کوردین، زمانەکەیان بەشێکی زۆری وشەکانی عەرەبی و فارسی و تورکییە. بەڵام لە دوای سەدەی بیستەم هەوڵی نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی دەدرێت لە نێوان ساڵانی ١٩١٨ – ١٩٣١ لە باکووری کوردستان ڕەحیم ڕەحمی هەکاری و لە باشووریش شێخ نووری شێخ ساڵح، عەبدوڕەحمان بەگی بابان، ڕەشید نەجیب، ... تاد پێشەنگی ئەم نوێکردنەوەن. لەم قۆناغە سەرەڕای نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ڕووی پێکهات و ڕووخسارەوە، هەتا ڕادەیەکی زۆر هەمان شێوازی زمانی شیعری بە سەر دەقە شیعرییەکانیاندا زاڵە،[1] بە تایبەت لە ڕووی زۆری وشەی عەرەبی و فارسی. بەڵام لە قۆناغی

1 – د. سرور عبدالله، حركة الحداثة في الشعر الكردي، مطبوعات مركز چاودێر، مطبعة حمدي، السليمناية، ٢٠١٢. ص. ٢٨.

دوای ئەوان قۆناغێکی گرنگی تازەگەری لە ئەدەبی کوردیدا دەست پێ دەکات بە تایبەت لە باشووری کوردستاندا لە نێوان سالانی ١٩٣٢ – ١٩٦٦ کە عەبدوڵلا گۆران پێشڕەوی ئەم قۆناغە دەکات و کۆمەڵێک شاعیری دی هەمان ڕێڕەوی تازەگەری لە ئەدەبی کوردیدا دەگرنە بەر وەک دڵدار، ئەحمەد هەردی، ئەحمەد دڵزار، ئیبراهیم ئەحمەد، مەدهۆش، کامەران موکری، محەمەد ساڵح دیلان، کاکەی فەلاح،.. تاد لەم قۆناغە شیعر لە ڕووی رووخسار و ناوەڕۆکەوە گۆڕانی بەسەردا دێت و کێش و سەروا دەمێنێت بەلام زۆر گرنگ نابێت، زمانی شیعر خۆی لەو زمانە کلاسیکییە ڕزگار دەکات کە پڕ بوو لە وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی، هەر بۆیە لەم قۆناغە زمانی کوردی پاکسازی دەکرێت، بۆ وشە عەرەبییەکان وشەی کوردی دەدۆزرێتەوە، و کوردییەکی پەتی بەرهەم دێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی زمانی شیعریش سادە و ڕەوان دەبێت و خەڵکێکی سادەش دەتوانێت لە دەقە شیعرییەکان تێ بگات.[1]

بەپێی ساڵی نووسینی شیعرەکانی دیوانی «زەینەب خان» کە کۆنترین شیعری لە ساڵی ١٩٢٠ دەست پێ دەکات هاوسەردەمە لەگەڵ قۆناغی سەرەتاکانی نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی، دواتر دێتەوە نێو قۆناغی نوێگەری لە شیعری کوردیدا لە سییەکان و چلەکان و پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا. هەر لەم ڕوانگەوە ئەگەر سەرنجی ئەو شیعرانە بدەین کە لە بیستەکان و سییەکان نووسراون دەبینین جیاوازییەکی زۆر هەیە لە ڕووی زمان و ناوەڕۆک و پێکهاتە و ڕووخساری شیعر، بە تایبەت ئەو زمانە کوردییە پەتییە لە بیستەکان و سییەکان نەبووە. ئەگەر هەشبووبێت هەوڵەکان سەرەتایی بوون، بەلام ئەو زمانە شیعرییەی دیوانی «زەینەب خان» بە هەموو پێوەرە زمانەوانییەکان و پێوەری نوێکردنەوەی دەقی ئەدەبی نابێت هی بیستەکان و سییەکان بێت، بەڵکو هی سەردەمێکی درەنگترە، کە زمانی شیعر تەواو سادە دەبێتەوە و بە کوردییەکی پەتی و پاراو دەنووسرێت، زاراوە و وشەی نوێ دێتە ناو زمانەوە، کە ئەم شێوازەش لە دەقی ئەدەبی لەدوای شەستەکان و حەفتاکان پەیدا دەبێت.

ئەمە لایەنێکی باسەکەیە، لە لایەکی دیکەوە ئەگەر بە مێژووی گەشەکردنی هەر زمانێکدا بچینەوە، دەتوانین هەنگاو بە هەنگاو قۆناغەکانی گەشەکردنی دیاری بکەین، بە تایبەت لە ڕووی زاراوەسازی و وشەڕۆنانەوە. هەر وشەیەک لە زمان مێژوویەکی هەیە، ئەو زانستەی کە هەوڵی ناسینەوەی ڕیشەی وشەکان دەدات ئیتیمۆلۆجی پێ دەگوترێت. لە ڕووی ئیتیمۆلۆجییەوە هەندێک وشە هەیە لە زماندا زۆر کۆنە، هەندێکیش تازە پەیدا بوون و کەوتوونەتە ناو نووسین، هەندێک وشەش هەیە لە سەردەمێکدا لە زماندا هەبووە ئەمڕۆ ئەم وشەیە چیدی بە کار نایەت و بووە بە وشەیەکی مردوو. لە زمانی کوردیش بە هەمان شێوە لە هەر سەردەمێک کۆمەڵێک وشە بەرهەم هاتوون و بوون بە باو و مۆرکی ئەو سەردەمەیان

1 – نفس المصدر السابق. ص. ٥٥ – ١٠١.

پێوه دیاره، دواتر سەردەمێکی نوێ دێت و ئەو وشانە کۆن دەبن لە زمان چیدی بەکار نایەن وشەی نوێ دێتە جێگەی. بۆ نموونە لە بیستەکان و سییەکان بۆ قوتابخانە ئەم وشانە هەبوون: مەکتەب، مەدرەسە، دەرسخانە، خوێندنخانە، قوتابخانە، بەڵام دواتر ئەم وشانە زۆربەیان لە زمان نامێننەوە تەنیا قوتابخانە نەبێت درێژە بە مانەوەی خۆی دەدات، لەپاڵ ئەوەش وشەی نوێتر پەیدا دەبێت وەک فێرگە، خوێندنگە ... بۆیە هەر دەقێکی شیعری ئەگەر ئەم وشە کۆنانەی تێدا بێت بۆ قوتابخانە دەقێکی کۆنی سییەکان و چلەکانە، ئەگەر دەقێکیش باسی قوتابخانە و فێرگە و خوێندنگە بکات ئەوە دیارە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دوای پەتیکردنی زمانەکە کە ئەویش دوای شەستەکان و حەفتاکانە. یان هەندێک لە وشەکان لە ڕووی واتاسازییەوە گۆڕانی بەسەردا دێت، لە سەردەمێک واتایەکی هەبووە، ئەمڕۆ واتایەکی دیکەی هەیە، یان واتاکەی فراوان بووە، بێجگە لە واتای خۆی، واتای دیکەی بۆ پەیدا بوو. بۆ نموونە وشەی ڕێباز لە زمانی کوردی بە مانای ڕێگا و شوێنی بە ڕێدا ڕۆیشتنە، ئەمڕۆ ئەم وشەیە ماناکەی فراوان بووە بۆ کۆمەڵێک باوەڕ و ڕێنمایی هزری و سیاسی و دینی و ئەدەبیش بە کار دێت کە بە عەرەبی پێی دەگوترێت «مذهب» وەک دەگوترێ ڕێبازی ئەدەبی، ڕێبازی دینی، ڕێبازی سیاسی،... تاد، یان وشەی گەندەڵ لە پێشدا ئەم وشەیە بۆ داری ڕزیو و کرمن بە کار هاتووە، ئەمڕۆ ماناکەی فراوان بووە بۆ هەموو کارێکی ناقانوونی و دزی و فڕوفێڵی سیاسی و ئیداری و ئابووری بە کار دێت کە بە عەرەبی پێی دەگوترێت «فساد».

لەم بەشە هەوڵ دەدەین چەند وشە و دەستەواژەیەک لە شیعرەکانی دیوانی زەینەب خان بە نموونە وەرگرین و بەراوردی دەکەین بەو سەردەمەی کە ئەو شیعرەی تێدا نووسراوە، ئاخۆ ئەم وشانە لەو سەردەمە هەبوون و بەکار هاتوون؟ ئەگەر هەشبوون ئایا بەو مانایە بووە کە لەم شیعرەدا مانای بۆ هاتووە؟

ئەگەر تەماشای هەموو شیعرەکانی ئەم دیوانە بکرێت، هەست بەم زمانە نوێ و پەتییە دەکرێت، هەر بۆیە دەکرێ سەرتاپای وشە و دەستەواژەکان شی بکرێنەوە، بەڵام بۆ ئەم باسە لە چەند شیعرێک چەند وشە و دەستەواژەیەک وەردەگرین و شی دەکەینەوە، چونکە مشتێک نموونەی خەرمانێکە.

لەم شیعرەی سەرەوە کە باسی سروشتی کوردستان دەکات، بە زمانێک نووسراوە کە لە ڕووی وشە و داڕشتنەوە زۆر پەتییە، زمانێکی تەواو نوێیە، تەنیا دوو وشە بە نموونە وەردەگرین «سروشت و وەرز»، ئەوەی یەکەم سروشت وشەیەکە لە دوای شەستەکانەوە بۆ «طبیعة» ی عەرەبی بە کار هات، بەڵام لە شیعری شاعیرانی کلاسیکدا هەتا ساڵانی سییەکان و چلەکانیش هەر تەبیعەت بە کار هاتووە و سروشت دواتر لە ڕێی زمانی فارسییەوە دێتە ناو

زمانی کوردی. ئەم وشەیە «سرشت» لە فارسیدا بە مانای خوو و فیترەت دێت،[1] کە هاتووە بۆ ناو زمانی کوردی بووە بە سروشت و ماناکەی گۆڕاوە بۆ سروشتی «تەبیعەت» بە کار هاتووە، ئەمەش لە دوای پەنجاکان کەوتە ناو زمانەوە بوو بە باو، بۆیە ئەم شیعرە کە دەستەواژەی «سروشتی ڕەنگینی» تێدا هاتووە نابێت هی سییەکان بێت. بۆ وشەی «وەرز»، کە بۆ «فصل» بە کار هاتووە، " لە وەرزی پایزی دا" ئەم بەکارهێنانە بۆ وەرز نوێیە لە دوای شەستەکان و حەفتاکان لە زمانی کوردی بوو بە باو، بەڵام لە شیعری شاعیران لە بیستەکان و سییەکان هەر بە فەسڵ هاتووە وەک فەسڵی گوڵان، فەسڵی بەهار، فەسڵی خەزان،.. فەرهەنگی خاڵ بۆ مانای ئەم وشەیە دەڵێت: " ١- زەمینێکە کە کێڵرا بێ و تۆی پێوە کرا بێ. ٢- بریتییە لە ساڵێک. دوو وەرزە رەنجبەرم.[2] واتە دوو ساڵە ڕەنجبەرم. لە فەرهەنگی مەهابادیش کە کوردی و عەرەبییە ئەم وشەیە بە مانای «عام»، واتە ساڵ هاتووە.[3] لە فەرهەنگی کشتوکاڵیش، بەرگی دووەم کە لە ساڵی ١٩٧٢ بڵاو کراوەتەوە «وەرز» هەر بە مانای ساڵ هاتووە.[4] کەواتە ئەم وشەیە هەتا سەرەتای ساڵی حەفتاش بە مانای ساڵ بووە، بەڵام دواتر لە زمانی کوردی ماناکەی فراوان دەبێت و مانای دیکەی لێ دروست دەکرێت کە دواتر بۆ فەسڵەکانی ساڵ بە کار هاتووە، وەرزی بەهار، هاوین،.. ئێستا زیاتر مانای فراوان بووە بۆ فەسڵێکی کتێب و بۆ فەسڵی خوێندنی ساڵیش بە کار دێت، دەگوترێ وەرزی یەکەمی خوێندن. لێرەدا ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم شیعرەی دیوانی زەینەب خان ئەم وشەیە بە مانای شەستەکان و حەفتاکان بە کار هاتووە نەک بە مانای دەقێکی ساڵی سییەکان بێت. ئەمەش بەڵگەیە کە ئەم شیعرە لە دوای حەفتاکان نووسراوە.

لە شیعرێکی دیکەدا لە دیوانی زەینەب خان بە ناوی «یەکی ئایار، جەژنی کرێکاران» کە مێژووی ١٩٢٤ لەسەر دانراوە، لاپەرە ٤٢. ڕۆژی یەکی ئایار لە دوای پەنجاکانەوە بوو بە ڕۆژێکی جیهانی و وڵاتانی جیهانیش ئەم ڕۆژەیان کرد بە پشوویەکی ڕەسمی، کەچی سەیرە زەینەب خان لە ١٩٢٤ باسی یەکی ئایار بکات!؟ بۆیە یادی ئەم ڕۆژە وەک جەژنی کرێکاران لەگەڵ ساڵی نووسینی ئەم شیعرە پێکەوە گونجانیان نییە، چونکە لەو کاتە بەتایبەت بیستەکانی کوردستان یادی ئەم ڕۆژە لای هیچ ڕۆشنبیرێک نەبووە، تا ئافرەتێکی تەمەن بیست و چوار ساڵ لە قەڵاتی هەولێرەوە یادی ئەو ڕۆژەی کردبێتەوە و شیعری بۆ بنووسێت! ئەمە دیوێکی مەسەلەکەیە کە لە ڕووی ڕۆشنبیری و هۆشیاریی سیاسی، ناوەڕۆک و مەغزای ئەم شیعرە نابێت هی بیستەکان بێت، بەڵام لە دیوێکی دیکەی زمانەوانییەوە، ئەم شیعرە سەرتاپای دەقێکە بە زمانێکی کوردیی پەتی نووسراوە بە وشە و داڕشتن بۆ ساڵی حەفتاکان

1 – حسن عمید، فرهنگ عمید، سه جلدی، جلد دوم، انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٧٥. ص.١٤٢٢.
2 – شێخ محمدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، جزمی سێهەم، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧٦. ل.٣٨٢.
3 – گیوی موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢. ل.٤٧٩.
4 – معروف قەرەداغی، فەرهەنگی کشتوکاڵ، بەرگی دووەم، چاپخانەی دار السلام، بەغدا، ١٩٧٢. ل.١٣٤.

دەگەڕێتەوە کە تەنیا چەند وشەیەکی عەرەبی تێدایە ئەوانی دی هەمووی وشەی نوێباوە. بۆ نموونە «نیشتمان، کرێکار، خۆبەخش» ئەم وشانە لە بیستەکان هەرگیز دەست ناکەون و لە نووسینی کوردی باو نەبوون. نیشتمان ئەوسا لە شیعری شاعیرانی بیستەکان و سییەکان هەر «وەتەن» بووە، کرێکاریش هەر عەمەلە بووە. بەڵام ئەو وشەیەی کە زیاتر مشتومڕ هەڵدەگرێ وشەی «خۆبەخش»ە کە لەم بەیتەی خوارەوەدا هاتووە:

«زەینەب» خۆزگە تۆش دەبوویتە کرێکاری خۆبەخش

بۆ بینایــەی قوتابخانــەی منداڵانـــی کوردســـــتان

وشەی «خۆبەخش» هەتا هەشتاکانیش وشەیەکی باو نەبووە لە زمانی کوردیدا، دواتر لە نەوەدەکان زیاتر دێتە ناو نووسین. ئەم وشەیە لە هیچ یەک لە فەرهەنگەکانی خاڵ و مەهاباد و کوردستانی گیوی موکریانیدا نییە تەنانەت لە هەنبانە بۆرینەشدا نییە، چونکە لە دوای هەشتاکان دانراوە. کەواتە ئەو پرسیارە دێتە پێش چۆن دەبێ وشەی خۆبەخش لە شیعرێکی ساڵی ١٩٢٤دا هاتبێت؟!! ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم شیعرە لە دوای هەشتاکان دانراوە.

لە شیعرێکی دی کە ڕێکەوتی ساڵی ١٩٢٨ ی لەسەرە بە ناوی «ئینگلیزی داگیرکەر»، لاپەڕە ٤٥، ئەم شیعرەش سەرتاپا نیشان دەدات کە شیعرێکی نوێیە و بە زمانێکی کوردیی پەتی نووسراوە و هی ساڵانی بیستەکان نییە. دەتوانین لەم شیعرە سەرنجی چەند وشە و دەستەواژەیەک بدەین وەک «ئینگلیزی داگیرکەر، کەسایەتیی نیشتمانی، ماف» ئەمانە وشەگەلێکن لە دوای ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان لە نووسینی کوردی بوون بە باو، مەحاڵە لە دەقێکی ئەدەبی ساڵانی بیستەکان هەبووبێت. بۆ نموونە لە وشەی «کەسایەتی» پێویستە هەڵوەستەیەک بکەین، کە لەم بەیتەی خوارەوە هاتووە:

زۆر کەســـایەتـی نیشــتمان، خـــەڵەتـــان و بوونـــە نۆکـــەر

ئەگەر کورد عەقڵ و فەهمی هەبێ، دەبێ بیانکا بە قەشمەر

لە هەموو فەرهەنگەکانی خاڵ و کوردستان و هەنبانەبۆرینەش بە مانای «خزمایەتی» هاتووە، واتە ئەم وشەیە هەتا هەشتاکانیش هەر ئەو مانایەی هەبووە، بەڵام دواتر ماناکەی فراوان دەبێت بۆ پلەوپایە و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کەسەکانیش بە کار دێت کە لە عەرەبی پێی دەگوترێت «شخصية» وەک دەگوترێ «شخصيات وطنية» واتە کەسایەتیی نیشتمانی. ئەمەش بەڵگەیە کە ئەم شیعرە لە دوای هەشتاکان نووسراوە و هی بیستەکان نییە.

لە شیعرێکی دی بە ناوی «ئینسان» ، لاپەڕە «٤٣»، کە ڕێکەوتی ساڵی ١٩٢٧ ی لەسەر نووسراوە، ئەم شیعرەش وەک شیعرەکانی دی لە ڕووی وشە و داڕشتنەوە تەواو زمانەکەی پەتییە. چەند وشەیەک هاتووە کە ئەوانیش لە دوای شەستەکان و حەفتاکانەوە لە نووسین بە دەرکەوتون وەک «نەخشەی ژیان، کات، سەربەخۆیی» لە بیستەکان مەحاڵە وتاریک

هەبێت یان دەقێکی شیعری هەبێت ئەم وشە کوردییانەی تێدا بێت، بە تایبەت دەستەواژەی «نەخشەی ژیان». ئەمە بەیتە شیعرەکەیەتی:

خواد کردوومی بە ئینسـان، دەبـێ دایما ئینسـان بم

دەبێ بە هۆش و گۆشەوە خەریکی نەخشەی ژیان بم

وشەی «نەخشە» لە زمانی کوردیدا لە بنچینەدا بۆ مانای نەخشە و نوقڵانە لێدان واتە پێشبینیکردنی شتێک بە کار هاتووە،[1] بەڵام بۆ مانای نەخشەی «خەریتەی ئەتڵەس» ئەم مانایە لە «نقشە» ی فارسییەوە هاتە ناو زمانی کوردییەوە. دواتر لە حەفتاکان ئەم وشەیە ماناکەی فراوان دەبێت بۆ پلان و پرۆگرام و ڕێبازیش بە کار دێت وەک نەخشەی ژیان، نەخشەڕێگای سیاسی، نەخشە و پلانی ئابووری، نەخشەدانان.. بۆیە ئەم وشەیە بەم مانایانە لە دوای حەفتاکان هاتە نێو زمانەکەوە.

لەبارەی وشەی «کات» ئەمە بەیتە شیعرەکەیەتی:

دەبێ بزانین بۆ دەژین، ژیـان خـەو و خـواردن نییە

هەرخۆم کاتم بە فیڕۆ دەم، دوایی مات و پەشیمان بم

بۆ وشەی «کات»، ئەمەش مێژوویەکی هەیە لە زمانەکە. تۆفیق وەهبی لە ساڵی ١٩٤٢ چەند لیستێک زاراوەی نوێی کوردی لە گۆڤاری گەلاوێژ بە زنجیرە بڵاو دەکاتەوە. یەکێک لەم وشانە، وشەی «کات» بوو کە بۆ یەکەمجار لە لایەن ئەو بەرانبەر بە وشەی «آن» ی عەرەبی دانرا، ئیدی دوای ئەوە وشەی «کات» لە نووسین بڵاو بووەوە.[2] کەواتە وشەی «کات» لە دوای چلەکان کەوتە ناو نووسین و بوو بە باو، چۆن دەبێت لە دەقێکی شیعری ساڵی ١٩٢٧ بە کار بێت!؟

شاعیرانی بیستەکان بۆ کات وشەی «ئان، زەمان، سات، وەقت، مودەت» یان بە کار هێناوە.

ئەحمەد موختار بەگی جاف دەڵێت:

بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان

هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە

لە شیعرێکی دی بە ناوی «سەربردەی زەمەن» کە ڕێکەوتی ساڵی١٩٣٠ لەسەر دانراوە. لاپەڕە «٥٥»، لەم شیعرە بە داڕشتن و بە وشە و بەو بیرانەی کە تیایدا هاتووە تەواو شیعرێکی نوێیە کە باسی ئەوە دەکات موتەنەبی و حافز و سەعدی و خەیامی خوێندووەتەوە، هەروەها ڕۆمان «الأم»ی گۆرکیشی خوێندووەتەوە، باسی قەڵای هەولێر دەکات بە قەڵای کوردان ناوی دەبات، دایکی ئەفکاری قەومی خستووەتە سەریان. سەیرە دایکی زەینەب خان ئەوەندە نەتەوەیی بووە کە ئەفکاری قەومی دابێتە منداڵەکانی، ئەمە لە کاتێکدا ئەفکاری

---

1 – گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، هەولێر. ٢٠١٧. ل. ١٢٥٢.

2 – توفیق وهبی، فەرهەنگی گەلاوێژ، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٧-٨)، ساڵی ٣، چاپخانەی (النجاح)، بەغدا، ١٩٤٢.ل.٩٤.

قەومی لەو کاتە لە نێو ڕۆشنبیران بیرێکی تازە بابەت بووە! بۆیە ئەم قسە و بیرانە هی بیستەکان و سییەکان نین. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر شاعیر ئەوەندە قووڵ بووەتەوە لە دنیای ئەدەبییاتی عەرەبی و فارسی، دەبوایە تەئسیری ئەدەبییاتی ئەو زمانانە لەسەر شیعرەکانی هەبوایە، شیعرەکانی زۆر سادەن و لە ڕووی ئیستاتیکاوە ئاستیان نزمە، لە هەموو شیعرەکانی دوو وشەی فارسی تێدا نییە بۆ وشەکاری و ڕەوانبێژی شیعرەکانی کە نیشان بدات لە ئەدەبییاتی فارسی قووڵ بووەتەوە. کاتێک شیعرەکانی ئەحمەدی خانی و جەزیری و نالی و سالم و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەخوێنینەوە، لە زمانە شیعرییەکانیان نیشان دەدات کە بە سەر زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکیدا زاڵ بوونە و وشە و دەستەواژەکانی ئەو زمانانە لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە و دەقێکی ئەدەبی دەوڵەمەند و بەهێزی لێ بەرهەم هاتووە.

هەر لەم شیعرەدا وشەی «دەستنووس» هاتووە، ئەمە بەیتە شیعرەکەیەتی:

سەدان کتێب و دەستنووسی تورکی

زۆرم خوێندنەوە گورج و بێ وچــان

ئەم وشەیە «دەستنووس» بە هیچ شێوەیەک لە بیستەکان و سییەکان نەبووە، بەڵکو ئەم وشەیە لە دوای شەستەکان کەوتە ناو نووسینی کوردییەوە، لە هەموو نووسراوی ساڵانی سییەکان و چلەکان و پەنجاکان هەر «مخطوط» بووە.

لە شیعری «کۆرپەی شیرینم»، لاپەڕە «٥١»، کە لە ساڵی ١٩٣٠ نووسراوە، سەرتاپای شیعرەکە لە ڕووی ناوەڕۆک و شێوازی ئەدەبی و زمانەوە نیشان دەدات کە هی ساڵی سییەکان نییە، لەم شیعرەدا سێ وشە بە نموونە وەردەگرین بۆ ئەوەی بزانین هی کام سەردەمە: «مێژوو، ئاشتەوایی، وڵاتپارێز» ئەمانە سێ وشەی نوێن لە زمانی کوردیدا.

بۆ وشەی «مێژوو» ئەمە بەیتە شیعرەکەیتی:

مەعلوومە لــە ڕێی قارەمانییێتی

مێژوو ئــی تۆیە بە بەرزی باڵات

وشەی «مێژوو» بۆ یەکەم جار لە لایەن حوسێن حوزنی موکریانییەوە داهێنراوە و خرایە ناو نووسین، هەروەک دکتۆر کەمال مەزهەر لە کتێبەکەی «مێژوو» باسی دەکات.[1] حوسێن حوزنی لە ساڵی ١٩٢٩ کتێبی «ئاوڕێکی پاشەوە» [2] لە چاپخانەی زاری کرمانجی لە ڕەواندز بڵاوی دەکاتەوە، بۆ یەکەمجار ئەم وشەیە لە جیاتی «تاریخ» ی عەرەبی بە کار دێنێت. ئەم وشەیە هەتا چلەکانیش لە زماندا بە چاکی جێگیر نەبووبوو، تەنانەت کتێبە مێژووییەکەی

1- دوکتۆر کەمال مەزهەر، مێژوو، مطابع دار آفاق عربية، بەغدا، ١٩٨٣. ل.١٧١.

2 - حوسێن حوزنی موکریانی، ئاوڕێکی پاشەوە، زاری کرمانجی،ڕەواندز، ١٩٣١.

بڕوانە: سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١. ل. ١٣٧.

«محەمەد ئەمین زەکی بەگ » یش کە لە ساڵی ١٩٣١ بڵاو بووەتەوە بە ناوی خولاصەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان بڵاو بووەتەوە، وشەی مێژووی تێدا نییە، بۆیە جێگەی پرسیارە کە ئەم وشەیە چۆن لە ساڵی١٩٣٠ هاتە نێو شیعرەکانی زەینەب خانەوە؟!

بۆ «ئاشتەوایی » ئەمە بەیتە شیعرەکەیەتی:

بە ئاشتەوایی و بە مەدەنی بوون

دەچێتە پێشـێ ڕێــی کــوردەواری

ئەمەش وشەیەکە زۆر نوێیە، دەتوانم بڵێم هی نەوەدەکانە، بە هیچ شێوەیەک لە سییەکان ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا نەبووە، ئەگەر هەموو ئەدەبییاتی کوردی لە سییەکانەوە تا هەشتاکان تەماشا بکرێ، ئەم وشەیە نادۆزیەوە. لە فەرهەنگەکانی خاڵ و مەهاباد و کوردستان و هەنبانە بۆرینە و قاموسی زمانی کوردیی عەبدوڕەحمان زەبیحیشدا نییە. کەواتە زەینەب خان لە ساڵی ١٩٣٠ ئەم وشەیەی لە کوێ هێناوە؟ بۆیە ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە کە ئەم شیعرە لە دوای نەوەدەکانەوە نووسراوە و ڕێکەوتی ساڵی ١٩٣٠ لەسەر دانراوە. بۆ وشەی «وڵاتپارێزی»، ئەمە بەیتە شیعرەکەیەتی:

کۆرپەی شیرینم پاک و بەهێز بە

پاســەوانێکــی وڵاتــپارێــــز بە

وڵاتپارێز، ئەمەش وشەیەکی ئەوەندە کۆن نییە، زیاتر لە دوای نەوەدەکان لە ئەدەبییاتی کوردەکانی باکوورەوە بڵاو دەبێتەوە، دێتە نێو زمانی کوریی ناوەندی. بۆیە دەتوانین لە ڕێی ئەم سێ وشەوە گومان بخەینە سەر ئەم شیعرە و ساڵی نووسینی.

لەشیعرێکی دی بەناوی «هەرمۆتە»، لاپەڕە «٥٩»، کە ئەویش ڕێکەوتی ساڵی١٩٣٠ لەسەر نووسراوە. لە بەیتی کۆتایی دەستەواژەی «بەهاری داهاتوو» هاتووە:

«زەینەب» سـەرێکــی بدە، لە بــەهاری داهــاتوو

بڕۆ لای دەستەخوشکان، ڕۆیی عومری بەسەرچوو

وشەی «داهاتوو» کە ئێستا بۆ پاشەڕۆژ بە کاردێت، ئەم وشەیە بەم واتایە زۆر نوێیە لە دوای حەفتاکان پەیدا بوو، لە سییەکان هەرگیز بەو مانایە نەبووە، هەروەک لە هەموو فەرهەنگەکانی خاڵ و مەهاباد و کوردستانیش کە لە دوای شەستەکان بڵاو بوونەوە بەو مانایە نەهاتووە. لە فەرهەنگی کوردستان «داهاتوو» بەم مانایانە هاتووە " تازە پەیدا بوو، درەختی هەڵپاچراو، چەماوەوە، خوار بووەوە، موو و پرچ و کاکۆڵی شانە کراو"[1] لە فەرهەنگی مەهابادیش بە دوو مانا هاتووە: " متعود، منحنی"[2] لە فەرهەنگی خاڵیش بەم مانایانە هاتووە: " گیانداری ڕام بوو، دارێکە بە مشار دوو لەت کرابێ، چاوێکە هاتبێتە گل، مووی

---

1 – گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی دووەم، هەولێر. ٢٠١٧. ل.٥٩٩.

2 – گیوی موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢. ل.٢١٧.

شانەکراو، شتێکە تازە باوی سەند بێ، درەختی هەڵپاچراو".[1] لە هەموو فەرهەنگەکان هەتا ساڵی ١٩٦٤ یش وشەی «داهاتوو» بە مانای پاشەڕۆژ نەهاتووە. ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەمان دەدات بە دەستەوە کە ئەم شیعرە لە سییەکان نەنووسراوە، بەڵکو لە حەفتاکان نووسراوە.

لە شیعرێکی دی بە ناوی «خەبات و تێکوشان»، لاپەڕە «٦٨»، ساڵی ١٩٣١ ی لەسەر نووسراوە. لەم شیعرە وشەی «ئاسۆ» هاتووە:

خوێنی جەستەم شەپۆل بدا و، سەری بنێتە نێو دەریا
لە کونجی نائومێدیدا، هەر ڕوونە ئاسۆی ژیانم

ئەم وشەیە شایەنی ئەوەیە شی بکرێتەوە و تەمەنەکەی دیاری بکرێت. ئەم وشەیە بۆ یەکەم جار لە لایەن تەوفیق وەهبی وەک زاراوەیەک بەرامبە بە «أفق»ی عەرەبی دانرا و لە گۆڤاری گەلاوێژ ساڵی ١٩٤٢ بڵاوی کردەوە.[2] دواتر ئەم وشە نوێیە بە خێرایی لە نووسینی کوردی بوو بە باو، بۆیە دەستەواژەی «ئاسۆی ژیان» زۆر نوێیە لە دوای حەفتاکان زیاتر بڵاو بووەوە.

دڵدار لە بیرەوەرییەکانی خۆی کە لە چلەکان نووسیویەتی، لەوێ وشەی «ئاسۆ» ی دەست نەکەوتووە هەر «افق» ی عەرەبی بە کار هێناوە.[3] بۆیە دەبێ پرسیار بکەین ئەگەر دڵدار لە چلەکان وشەیەکی بۆ «افق» نەبووە ئەدی چۆن زەینەب خان لە ساڵی ١٩٣١ وشەی ئاسۆی لە شیعردا بەکار هێناوە؟!

لە شیعرێکی دی بە ناوی «منداڵانی بەچە شێر» لە لاپەڕە «٢٦١»، مێژووی ساڵی ١٩٣٥ ی لەسەر دانراوە. لە چوارینی یەکەمی ئەم ڕستەیە وشەی «هزر» هاتووە:

پێشــــوو دەن، وریـــا بـــن
گـــورج و گـــۆڵ و ئـــازا بن
فەرامۆش مەکەن خوێندن
خاوەن هـــزر و هـــیوا بن

وشەی «هزر» لەم شیعرە وشەیەکی نوێیە، ئەم وشەیە لە دوای نەوەدەکان لە شێوەزاری بادینیەوە هاتە نێو زمانی ستانداردی کوردیی ناوەندی، لە سییەکان بە هیچ شێوەیەک ئەم وشەیە نەبووە، تەنانەت لە هەردوو فەرهەنگی خاڵ و مەهابادیش ئەم وشەیە نییە. ئەمەش دووبارە بەڵگەیە کە ئەم شیعرە لە دوای نەوەدەکان نووسراوە.

لە شیعرێکی دی بە ناوی «خوا ناسین» لە لاپەڕە ٩٠، وشەی «نەخشەسازی» هاتووە:

خالق دایمەزراندووە و نەخشەسازی کردووە

---

1 – شێخ محمدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، جزمی دووەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٤. ل. ١١٣.

2 – توفیق وهبی، فەرهەنگی گەلاوێژ، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٩ و ١٠، ساڵی ٣، چاپخانەی النجاح، بەغدا، ١٩٤٢. ل.٩٤. ٩٤

3 – عبدالخالق علاءالدین، دڵدار، شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، دار آفاق عربیة، بەغدا، ١٩٨٥. ل.٣٧.

قیمـــەتی داوەتـــە زێڕ هێــزی داوەتە ئاســن

وشەی «نەخشە» وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێ درا، ئەم وشەیە هەتا دوای شەستەکانیش لە فەرهەنگەکانی خاڵ و مەهاباد بە مانای پلان و بەرنامە نەهاتووە، لە دوای حەفتاکان ماناکەی فراوان دەبێت بۆ نەخشە و پلانی ئابووری و سیاسی بە کار دێت، بۆیە وشەی «نەخشەسازی» لەم شیعرەدا وشەیەکە دەگەڕێتەوە بۆ دوای حەفتاکان. ئەمەش دووبارە بەڵگە دەدات بە دەستەوە کە ئەم شیعرە لە دوای حەفتاکان نووسراوە.

لە شیعرێکی دی بە ناوی «پرسیار» ، لاپەرە ١١٢، مێژووی ساڵی ١٩٤١ ی لەسەر دانراوە. لەم شیعرە وشەی «چرکەسات» هاتووە:

کــێ بوو هەر بە چــرکەســاتێ

هات و خۆتی بە خــۆت ناســاند

ئەمەش وشەیەکی زۆر نوێیە ڕەنگە دوای هەشتاکان هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە. ئەم وشەیە لە هیچ یەک لە فەرهەنگەکانی خاڵ و مەهاباد و کوردستان و هەنبانە بۆرینەدا نییە، بۆیە دەبێ پرسیار بکەین ئەدی ئەم وشەیە لە ساڵی ١٩٤١ چۆن لای زەینەب خان هەبووە؟!

ئەمانە چەند نموونەیەکن کە ڕاستی و ناڕاستی ئەم شیعرانە و ئەم ساڵانە دەردەخەن کە شیعرەکەی تێدا نووسراوە. دەکرێ سەرجەم دیوانەکە بەم شێوەیە لە ڕووی دیاریکردنی تەمەنی وشە و ڕەگوڕیشەیان و مێژووی گەشەکردنی زمان شی بکرێنەوە، کە هەر هەموو ئەوە دەردەخەن ئەم دیوانە هی سییەکان و چلەکان و پەنجاکان نییە، واتە زمانی شیعرەکانی هی سەردەمی زەینەب خانی خوشکی دڵدار نییە، ئەمانە دواتر نووسراون.

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر سەرنج بدرێ سەرجەم شیعرەکان هەر لە ساڵانی بیستەوە تا کۆتایی ژیانی لە ساڵی ١٩٦٣، هەر هەمووی بە یەک شێواز و یەک زمان نووسراون، ئەم گۆڕانە زمانییە تیایدا نیشان نەدراوە، بۆ نموونە شیعرێک لە ساڵی بیستەکان نووسراوە پێویستە لە ڕووی زمانەوە جیاواز بێت لەو شیعرەی کە لە ساڵی شەستەکان نووسراوە. ئەگەر تەماشای هەر یەک لە دیوانی شاعیرانی ئەو سەردەمە بکەین هەست بەم گۆڕانە زمانییە دەکرێت، بۆ نموونە ئەگەر سەیرێکی دیوانەکانی هەردوو شاعیری نوێگەر شێخ نووری شێخ ساڵح و گۆران بکەین ئەو شیعرانەی کە لە بیستەکان نووسیویانە تایبەتمەندییەکانی زمانی ئەو سەردەمەی بە سەردا زاڵە کە هێشتا پەتیکردنی زمان لەسەرخۆ بووە، بەڵام ئەو شیعرانەی کە لە چلەکان بە تایبەت لە دوای پەنجاکان نووسراون گۆڕانێکی زمانی بە تایبەت لە وشە نوێیە کوردییەکان بەرچاو دەکەون. بەڵام لە دیوانەکەی زەینەب خان ئەم گۆڕانە زمانییە بەر چاو ناکەوێت. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە هەموو شیعرەکان لە یەک سەردەم نووسراون ماوەیەکی زەمەنی زۆر لە نێوانیاندا نییە زیاتر مەزەندە دەکرێ لە

حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەم نووسرابنەوە، هەندێکیان لە ڕووی وشەی نوێوە لە نەوەدەکان نووسراون.
خاڵێکی دی کە شایەنی سەرنجدانە، لەم دیوانە زۆربەی شیعرەکان مێژووی بۆ دانراوە کە هیچ دیوانێکی شیعری نییە شاعیرەکەی لە بیستەکان شاعیر بووبێ و دیوانەکەی وا بە ڕێکوپێکی و لە دوای یەک مێژووی بۆ دانرابێ. ئەمەش جارێکی دی گومان دروست دەکات کە ئەو کەسەی شیعرەکانی بە ناوی زەینەب خان داناوە بە ئارەزووی خۆی ساڵی بۆ داناوە بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ناوەڕۆک و زمانی شیعر و سەردەمی دانانی شیعرەکە و ئەو ڕووداوانەش بکات کە لە شیعرەکە باسی کردووە.

## گەشەکردنی ڕێنووسی کوردی

زمانی کوردی بە درێژای مێژوو هەر بەو ئەلفوبێیە نووسراوە کە لە جیهانی ئیسلامدا باو بووە کە ئەویش ئەلفوبێی عەرەبی بووە، ئەم ئەلفوبێیە کە بۆ زمانی عەرەبی هەموار کراوە، بۆ زمانەکانی دیکەی غەیری عەرەبی کۆمەڵێک کێشەی دەربڕینی دەنگەکانی هەبووە، هەر بۆیە لە لایەن فارس و تورک و کورد و نەتەوەکانی دی هەوڵی هەموارکردنی دراوە بۆ ئەوەی لەگەڵ سیستەمی دەنگسازیی زمانەکانیان بیگونجێنن. لە سەدەکانی هەژدەم و نۆزدەم چەند پیتێک بۆ ئەم ئەلفوبێیە زیاد دەکرێت وەک پیتی «گ، پ، چ، ژ». هەر بۆیە کاتێک دەسنووسێکیش دەدۆزرێتەوە لە ڕێی ڕێنووسەکەیەوە دەکرێ دەستنیشان بکرێ کە ئەم دەستنووسە هی کام سەردەمە، بۆ نموونە ئەم پیتانە لە دەستنووسەکانی سەدەی نۆزدەم هەتا ڕادەیەک بەرچاو دەکەون، لە سەدەکانی پێشووتر بە دەگمەن یان هەر بوونی نییە، چونکە هێشتا ئەو پیتانە دانەهێنرا بوون، بەڵام دواتر بە هۆی سەختی خوێندنەوە و لە یەکچوونی وشەکان و تێکەڵ بوونیان ، کوردیش کە هەر لە دێر زەمانەوە ئەم ئەلفوبێیە بەکار دێنێ ئەویش ئەم پیتانە وەردەگرێت و لە نووسینی ئەدەبیاتی کوردیدا لە دەستنووسەکان بەر چاو دەکەون.
لە سەرەتای سەدەی بیستەم دوای ئەوەی خوێندن بە زمانی کوردی لە باشووری کوردستان دێتە پێش، هەوڵ دراوە ئەم ئەلفوبێ عەرەبییە بۆ سیستەمی دەنگسازیی زمانی کوردی هەموار بکرێت و بێجگە لەو پیتانەی سەرەوە کۆمەڵێک پیتی دی دادەهێنرێت وەک پیتی « ڵ، ێ، ۆ، ڕ، ڤ»، ئیدی بەم شێوەیە ڕێنووسی کوردی هەموار دەکرێت و پێش دەکەوێت و ئەم ڕێنووسەی ئێستای لێ دێتە بەرهەم کە ئەمڕۆ زۆربەی کێشەکانی ڕێنووسی کوردی چارەسەر کردووە. بۆیە کاتێک دەستنووسێک دەدۆزرێتەوە ئەگەر ئەم پیتانەی تێدا بە کار هات بێت، ئەمە بەڵگەیە کە ئەم دەستنووسە هی سەدەی بیستەمە و بەتایبەت لە دوای پەنجاکانی سەدەی بیستەم نووسراوەتەوە یان دەرنگتر بۆ شەستەکان و حەفتاکان دەگەڕێتەوە.

له ڕووی ڕێنووسەوە ئەگەر سەرنجی هەردوو دەقی ڕۆژنامەی «ژیانەوە» و «ژیان» بدەین وەک دیارە ڕێنووسی کوردی لە ساڵی ١٩٣٠ هێشتا هەموار نەکراوە و کۆمەڵێک کەموکووڕیی زۆر زەقی هەیە. بۆ نموونە: هەمزەی لەسەر کورسی «ئـ» هێشتا نەهاتۆتە ناو ڕێنوسی کوردی وەک انجا، ادا، ازانی، انتاج، اکا،.. تاد. تەنیا لە وشەیەک دانراوە ئەویش «ئەیکا»، بەڵام بۆ «ئا» ی درێژ نەبووە، هەروەها هێشتا حەوتەکان بۆ پیتی «ل، ر، و، ی،» دانەنراون نەهاتوونە ناو ڕێنووسی کوردییەوە هەر وەک عەرەبی نووسراون وەک: هەول، ملتیک، پیشکوتن، بو، لە روی، اکری، آوینە .. تاد هەروەها پیتی «ـە» کە لە عەرەبیدا فەتحەیە هێشتا بە تەواوەتی نەهاتۆتە ناو ڕێنووسی کوردی لە هەندێک وشە بە دەردەکەوێت لە هەندێکی دی بۆی دانەنراوە، لەم وشانەدا بەدەرکەوتووە وەک: دەراکەوی، بناغە، دواکەوتو، هەول، کە، چونکە.. تاد، بەڵام لەهەندێک وشەی دی بە دەرناکەوێت وەک همو، سیاست، رهبر، ملت،.. تاد. هەروەها بزوێنی «وو» تەنیا لە یەک وشە بە دەرکەوتووە: وریابووە، بەڵام لە وشەکانی دی هەر بە یەک «و» نووسراوە وەک: بونی، همو، لەروی، ..تاد. وشە عەرەبییەکانیش هەر وەک خۆی بە ڕێنووسی عەرەبی نووسراون وەک صنایع، مطبوعات، انتاج، تألیف، معارف، ملت، علمی، اقتصاد،.. تاد.

هەوڵە سەرەتاکانی هەمووارکردنی ڕێنووسی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ دوای بیستەکان. لە ساڵی ١٩٢٦ حەمدی عەزیز ئاغا نامیلکەیەک بە ناوی «الفبای کوردی» بڵاو دەکاتەوە لەوێ هەندێک تایبەتمەندیی ڕێنووسی کوردی دەردەخات و هەوڵی هەمووارکردنی دەدات.[1] دواتر تەوفیق وەهبی لە کتێبی «دەستووری زمانی کوردی» ساڵی ١٩٢٩ نیگار بۆ هەندێک دەنگ دادەنێت، واوی کەشیدە لەسەر بۆ «ۆ» داناوە، یای چوکڵەیەک لەسەری بۆ یای کراوە «ێ» داناوە، دوو واو «وو» بۆ دەنگی بزوێنی «وو» داناوە، بۆ لامی قەڵەو «ڵ» دانانی خاڵێک لەسەری و بۆ رای قەڵەویش «ڕ» خاڵێک لە ژێری داناوە.[2]. وەک دیارە تۆفیق وەهبی هەوڵی داوە فۆنێمەکانی زمانی کوردی جیا بکاتەوە، بەڵام ئەم نیگارانە هەموویان لە ڕێنووسی کوردی جێگیر نەبوون. بۆ لابردنی سەر و بۆر و ژێری عەرەبی، لە دوای سییەکان هەر کتێبیکی کوردی دەرچوو بێت بۆ فەتحە «**ـە**» دانراوە بۆ کەسرە «ی» دانراوە و بۆر «و» دانراوە.[3] لە ساڵی ١٩٥١ بۆ یەکەم جار ئەلفوبێی ئیبراهیم ئەمین باڵدار دەردەچێت بۆ یەکەمجار حەوتی خستۆتە سەر وای کراوە و یای کراوە، بەڵام بۆ ڕێی قەڵەو هەر بە دوو

1 – حمدی عزیز آغا، الفبای کوردی، مطبعة الفرات، بغداد، ١٩٢٦.

2 – محەمەد حسێن عەلی زەهاوی، مێژووی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، نامەی دکتۆرا ،چاپ نەکراوە، ٢٠٠٦. ل.٨٧ –٨٨.

3 – مصطفی نەریمان، ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ و ڕیشەوە، دار الحرية للطباعة، بەغدا، ١٩٨١. ل. ٢٤.

«رر» نووسیویەتی.[1] لە ساڵی ١٩٥٦ تۆفیق وەهبی کتێبی ڕێزمانەکەی تەرجەمەی عەرەبی دەکات و لە بەیروت چاپی دەکات، لەوێ بۆ ڕای قەڵەو «ڕ» حەوتێکی لە ژێر داناوە کە لەمە بە دواوە ئەم پیتەش لە ڕێنووسی کوردی جێگەی خۆی گرت، بەڵام هەتا کۆتایی پەنجاکان لە باشووری کوردستان هەر بە دوو ڕێ «رر» دەنووسرا. ئیدی لەمە بە دواوە ڕێنووسی کوردی بە چاکی هەموار کرا و بۆ ئای درێژیش وەک « آ» بە «ئا» نووسرا[2]، واتە ئەو شێوەی ئێستای وەرگرت کە ئێستا پێی دەنووسرێت.

لێرەدا ئەوەی گرنگە باسی بکەین ئەوەیە کە ڕێنووسی کوردی هەر لە دوای بیستەکانەوە هەتا کۆتایی پەنجاکان بەردەوام لە هەموارکردندا بووە، تا ئەم شێوەی ئیستای وەرگرتووە، بێگومان ئێستاش بێ کەموکورێ نییە و پێویستی بە هەموارکردنی زیاتر هەیە.

## ڕێنووسی دەستنووسەکانی دیوانی «زەینەب خان»

هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەرنجێکی ئەو چەند دەستنووسانە بدەین کە لە کۆتایی دیوانەکەدا بڵاو کراونەتەوە، ئامادەکاری دیوانەکە عەبدوڵلا زەنگەنە وەک دەستنووسی ئەسڵی و دەستی یەکەمی زەینەب خان دەیناسێنی و کە هیچی تێدا دەستکاری نەکردووە و وەک خۆی بڵاوی کردۆتەوە.[3] بۆیە ئێمەش وەک دەستنووسی ئەسڵی کە لە کاتی خۆی نووسراوە لەگەڵ ئەم ڕێنوسە مامەڵە دەکەین.

ئەگەر سەرنجێکی ئەم دەقە شیعرییەی سەرەوە بدرێت کە بە هەمان ڕێنووسی دەستنووسەکەیە، وەک دەبینین ڕێنووسەکەی نوێیە و تەواو هەموار کراوە، هەموو ئەو پیتانەی تێدایە کە لە دوای چلەکان و پەنجاکان و شەستەکان هاتنە ناو ڕێنووسی کوردییەوە، ئەوەندە هەموارکراوە کە دەکرێ بڵێین ئەمە ڕێنووسی حەفتاکان و هەشتاکانە، لەو سەردەمە ڕێنووسی کوردی بە چاکی هەموار کراوە، حەوتەکان بۆ پیتی «ل، ر، و، ی» دانران و بزوێنی «وو» هەیە، دوو ڕای «رر» تێدا نییە، پیتی «ڕ» هەیە. بەپێی مێژووی گەشەکردنی ڕێنوسی کوردی ئەم ڕێنووسە لە دوای شەستەکان جێگر بووە و چەسپاوە.

بۆ نموونە ئەگەر سەیرێکی ڕێنووسی ئەو دەستنووسە شیعرییانە بکەین کە دڵدار بە دەستخەتی خۆی لە دوای خۆی بە جێی هێشتووە، و لە دیوانەکەی لە ساڵی ١٩٨٥ بڵاو کراوەتەوە،[4] ڕێنووسەکەی کەمێک هەموار کراوە و بەڵام هێشتا حەوتی سەر پیتەکان بوونی نییە، هەمزەی سەر کورسی نییە یان زۆر کەم بەرچاو دەکەون، لەجیاتی ڕێی قەڵەو «ڕ» دوو

1 – مصطفی نەریمان، "کتێبی کوردیی قوتابخانەکانمان لە ساڵی ١٩٢٠ ەوە تا ساڵی ١٩٨٤"، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١١٠، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٦. ل.٩٢.

2 – مصطفی نەریمان، ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ و ڕیشەوە، ل. ٢٩

3 – دیوانی زەینەب خان کچە کورد... ل.٢٨٩ –٢٩٧.

4 – عبدالخالق علاءالدین، دڵدار، شاعیری شۆڕشگێر کورد. ل. ٢٢٨.

ڕێ «رر» دانراوە، کە ئەمانە هەموو بەڵگەن ئەم دەستنووسانە هی چلەکانە و هی دڵدار خۆیەتی.
لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش ئایا ئەمانە دەستنووسی زەینەب خانن؟ بێگومان نەخێر، چونکە ئەمە هەرگیز ناچێتە عەقڵی هیچ کەسێکەوە کە زەینەب خان خۆی بە تەنیا ئەم هەموو هەموارکردنەی لە ڕێنووسی کوردیدا کردبێت و کەسیش پێی نەزانی بێت، کە ئەمەش دوورە لە ڕاستییەوە.
ئەگەر وای دابنێین زەینەب خان لە سەرەتای شەست جارێکی دی بە ڕێنووسی ساڵانی شەست شیعرەکانی خۆی جارێکی دی نووسیوەتەوە، ئەمەش هەر ڕاست نییە، چونکە ئەم ڕێنووسە و چۆنیەتی پێکبەستنەوەی پیتەکان و وشەکان ئەمە قبووڵ ناکات کە هی سەرەتای شەستەکانیش بێت، بەڵکو هی زۆر درەنگترە بۆ حەفتاکان و هەشتاکان دەگەڕێتەوە. کەواتە دەبێ ئەوە قبووڵ بکەین کە ئەم دەستنووسانە هیچ کامیان هی زەینەب خان نین، کەواتە ئەمانە دەستنووسی ئەسڵی نین. ئەمەش کۆمەڵێک پرسیار دێنێتە پێش کە ئەمانە کۆمەڵە شیعرێکن لە لایەن کەسێکەوە لە دوای حەفتاکان هەتا سەرەتای نەوەدەکان بە ڕێنووسێکی نوێ نووسراون و دراونەتە پاڵ خوشکی دڵدار کە گوایە شاعیر بووە و ئەمانەش شیعرەکانیەتی.
عەبدوڵلا زەنگەنە کە لە بواری ساغکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان کاری کردووە، دەبوایە خۆی هەستی بەم جیاوازییە زۆرە بکردبایە، نەدەبوایە وا بە ئاسانی و بەبێ توێژینەوە و ساغکردنەوە بە سەریدا تێپەڕێ و ئەم دەستنووسانە کە زۆر نوێیە بە دەستنووسی سییەکان و چلەکان بە خوێنەر بناسێنێت.
هەروەک خۆیشی گومانی هەیە کە بۆچی ئەگەر شاعیرێکی وەک زەینەب خان هەبووە ئەدی بۆ لەم شارەی هەولێر کە هەتا ساڵانی شەست ژیاوە دانە شیعرێکی لە هیچ یەک لە گۆڤار و رۆژنامەکانی ئەو کاتە بڵاو نەکردووەتەوە، دەڵێت: " نایشارمەوە من کە ڕۆژانە بە دوای هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی جارانی کوردی لە گەڕان و سووڕاندام، دەتوانم بڵێم بە درێژایی تەمەنی شاعیر، کە هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی کوردی ئەو ماوەیە نەماوە هەموو ژمارەکانیم نەدیبێ، ئاخر لە تاقە ژمارەی ئاماژە بۆ کراوی گۆڤاری گەلاوێژی ۱۹٤۰ لە شوێنی خۆی، چۆن دەبێ ئەگەر گۆڤار یا ڕۆژنامەیەک بەرچاو نەکەوتبێ پارچە شیعرێک یان نووسینێکی ئەو شاعیرەی تێدا بڵاو کرابێتەوە، هەر هیچ نەبا دەبوایە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە یەک لە گۆشەکانی خوێندەواران وەڵامێکی بدرابایەوە؟ هەرچەندە پیرەمێرد دۆستێکی نزیکی بەرەبابی شاعیر بووە، وا دیارە شاعیر خۆیشی پەیوەندی پێیەوە هەبووە، بۆیە دوای کۆچی دوایی ئەو شاعیرە، شیعرێکی ماناداری بۆ کۆچی دواییەکەی نووسیوە، ئەگەر پاساوێکیش بۆ بڵاونەکردنەوە لەم ڕۆژنامەیە هەبووبێ، بە نموونە دووری، ئەوا ڕۆژنامەی «هەولێر» ی کۆمەڵەی مامۆستایان، کە لە نێوان ساڵانی ۱۹٥۰ – ۱۹٥۳ لە هەولێر دەرچووە، دەستەی

نووسەرانەکەیشی بە هەمووی چەند کیلۆمەترێک لە ماڵەکەی شاعیر دوور بووە، چۆن دەبێ لە نێوان ئەو «١٠٠» ژمارەیەی من دیومە بابەتێکی ئەو شاعیرەی تێدا بڵاو نەکرابێتەوە؟ ئەی «هەتاو»ەکەی مامۆستا گیو، هەر لەسەر قەڵاتەوە پارچە شیعرێکی بۆ هەڵدرابایە خوارەوە دەگەیشتە ئەم گۆڤارە؟ کەچی لە نێوان هەر «١٨٨» ژمارەکەی ماوەی «٧» ساڵ دەرچوونی «هەتاو» نە شیعر و نە تاقە بابەتێکی ئەو خانمەی تێدا بڵاو نەکراوەتەوە!"[1]

بەڵێ ئەمانە هەمووی جێگەی گومانە کە بۆچی ئەم خانمە لە ماوەی ژیانی لەو سەردەمە وەک شاعیر هیچ بوونێکی نەبووە، کەچی ئەمڕۆ ئەم دیوانە زلەی بۆ پەیدا بووە؟! بێگومان ئەمە دیارە و ڕوون و ئاشکرایە لەبەر تیشکی ئەم ڕوونکردنەوانەی سەرەوە ئەم دیوانە هی زەینەب خان نییە، زەینەب خانیش شاعیر نەبووە، ئەمانە کۆمەڵە شیعرێکن یەکێک بە ناوی زەینەب خان دایناوە بە ڕێنووسێکی نوێ نووسیویەتەوە و بە مەیلی خۆی ساڵی بۆ داناوە و داویەتە پاڵ زەینەب خان!.

تەنانەت دڵداریش لە بیرەوەرییەکانی خۆی کە لە دیوانەکەی بڵاو کراوەتەوە، لە باسی خێزانەکەی، باسی برایەکانی وەک سەعدی و عەونی و ئاسەف و جەواد دەکات کە پیشەیان چی بووە و چۆن ژیاون،[2] بەڵام هەرگیز باسی ئەوە ناکات کە خوشکێکی هەبووە شاعیر بووە. ئەگەر زەینەب خان شاعیر بوایە، کاریگەریی قووڵی لەسەر دڵداردا هەبایە هەر هیچ نەبا دڵدار لە بیرەوەرییەکانی خۆی ئاماژەیەکی پێ دەدا.

ئەوەی کە عەبدوڵڵا زەنگەنە باسی دەکات لەبارەی چۆنیەتی دۆزینەوەی ناوی زەینەب خان کە وتارێکی لە گەلاوێژ بڵاو کردووەتەوە بە ناسناوی «کچە کورد»، وەک خۆی باسی دەکات لە ژمارە «٦» ی گۆڤاری گەلاوێژ ساڵی ١٩٤٥ کارتێکی ئابونەی گۆڤارەکە بە کەتیرە لەسەری چەسپ کراوە و لەسەری نووسراوە: «زینب مەلا رؤف فەندی»، لە خوارەوەش نووسراوە «کچە کورد».[3] ئیدی لەمەوە بۆی دەرکەوت کە ئەم کچە کوردە، زەینەب خانە و ئەم وتارەی لەو گۆڤارە بڵاو کردووەتەوە. بێگومان ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێز نییە کە ئەم کچە کوردەی گۆڤاری گەلاوێژ، ئەم زەینەب خانەی خوشکی دڵدار بێت، چونکە کچە کورد و کوڕە کورد، گەلێک لە کچ و کوڕان ئەم ناوە وەک ناسناو بۆ خۆیان هەڵدەگرن، بۆیە مەرج نییە ئەم کچە کوردەی سەر ئەم کارتی ئابونەیە، هەمان ئەو نووسەرە بێت کە وتارێکی لە گەلاوێژ بە کچە کورد بڵاو کردووەتەوە، نابێت پەلە بکەین و بە ئاوێکی کەم بکەوینە مەلەوە، وای دابنێین هەرچی ناوی کچە کورد هەیە هی زەینەب خانە. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر سەرنج بدرێ لە زمانی ئەو وتارەی گەلاوێژ بە نازناوی کچە کورد، لەگەڵ زمانی شیعرەکانی ئەم دیوانە، دوو شێوازی جیاوازن لە نووسین و داڕشتن پێی ناچێت ئەمانە یەک کەس بن. ئەگەر وای دابنێین

---

1 – دیوانی زەینەب خان، کچە کورد. ل.٢٦

2 – عبدالخالق علاء الدین، دڵدار، شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، دار آفاق عربیة، بەغدا، ١٩٨٥. ل.١١– ٥٩.

3 – دیوانی زەینەب خان، کچە کورد. ل.٢٩٥.

ئەم کچە کوردەش لە گەلاوێژ هەمان ئەو زەینەب خانەیە لەکاتی خۆی ئەم وتارەی نووسیوە، بەڵام دووبارە ئەم کێشەیە دێتەوە پێش کە ئەم دیوانە شیعرە نابێت هی ئەو بێت.

لە کۆتاییدا دەمەوێ ئەوە بڵێم، هەموو دەقێکی کۆن پێویستە بەوردی شیکردنەوەی بۆ بکرێت، لە ساغکردنەوەی بە فلتەری زانستی تێپەڕێت، لەهەمان کاتدا زۆر گرنگە ناوەڕۆکی دەقەکە لە چوارچێوەی گەشەکردنی مێژووی زمان و ئەدەب خوێندنەوەی بۆ بکرێت، ئەو کاتە دەقەکە ساغ دەبێتەوە کە هی کام سەردەمە و خاوەنەکەشی کێیە. ئەم دیوانەی «زەینەب خان» دەبوایە پێش بڵاوکردنەوەی لە لایەن شارەزایان و توێژەرانی ئەدەب و زمان، ڕاستی و دروستی دەقەکانی ساغ بکرابایەوە، هەر کاتێک بە بەڵگەی زانستی ڕوون ببایەوە کە ئەم شیعرانە لەو سەردەمە نووسراون کە زەینەب خان تیایدا ژیاوە و هی ئەوە، ئەوسا بڵاو بکرابایەوە، بە خوێنەری کورد بناسێنرابایە کە زەینەب خان شاعیرە و کەسایەتییەکی گرنگی مێژووی ئەدەبی کوردییە. مێژووی ئەدەب بە کەسایەتیی وەهمی دروست ناکرێت، ئەگەر دروستیش بکرێت تەمەنی کورتە، هەرچەندی پرۆپاگەندەی بۆ بکرێت و بە شانوباڵی هەڵبگوترێت، هیچ سوودێکی نییە، بە شیکردنەوە و خوێندنەوەیەکی زانستی، ڕاستییەکانی بە دەردەکەوێت و کۆتایی دێت.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەو دیوانەی بە ناوی دیوانی «زەینەب خان، کچە کورد» بەم دواییە بڵاو بووەتەوە، کۆمەڵێک شیعری تێدایە کە گوایە ئەو شیعرانە هی ئافرەتێکی شاعیرە بە ناوی زەینەب خان و خوشکی دڵداری شاعیرە، کە لە نێوان ساڵانی «١٩٠٠ - ١٩٦٣ » ژیاوە. کاتێک لە زمانی شیعرەکان و ئەو وشانەی لە شیعرەکاندا هاتوون و لەگەڵ ڕێنووسی دەستنووسەکان ورد دەبینەوە، بەراوردی دەکەین بەو سەردەمەی کە زەینەب خان تیایدا ژیاوە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەم شیعرانە لە ڕووی ناوەڕۆک و ئەو فکرانەی تیایدا هاتوون و لەگەڵ ئەو وشە نوێیانەی کە بە کاری هێناون، هەروەها ئەو ڕێنووسەش کە دەستنووسەکانی پێ نووسراوە، بە هیچ شێوەیەک نابێت ئەمانە هی سییەکان و چلەکان و پەنجاکانی سەدەی بیستەم بن، بەڵکو ئەمانە کۆمەڵە شیعرێکن لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان نووسراون و هەندێک شیعریش لە نەوەدەکان نووسراون، ئەمڕۆ دەدرێنە پاڵ «زەینەب خان» کە گوایە ئەم شیعرانەی نووسیوە. ئەمە لە کاتێکدا هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە کە زەینەب خان لە ماوەی ژیانی خۆی شاعیر بووە و هیچ شیعرێکی بڵاوکراوەشی نییە. دڵداری برایشی لە بیرەوەرییەکانی هەرگیز ناوی زەینەب خانی نەهێناوە کە شاعیر بووە، بۆیە هیچ بەڵگەیەکی زانستی و مەنتیقی لەبەردەستدا نییە کە زەینەب خان وەک براکەی دڵدار شاعیر بووبێت.

## سەرچاوەکان

١- دیوانی زەینەب خان، کچە کورد ١٩٠٠ – ١٩٦٣، ئامادەکردنی: حەمید مەلا ڕەئووفە فەندی خادم سوجادە، پێشەکی و پێداچوونەوە و ڕێکخستن: عەبدوڵلا زەنگەنە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨.

٢- دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، بەرگی یەکەم، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: ئازاد عەبدولواحید، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

٣- توفیق وهبی، فەرهەنگی گەلاوێژ، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٧-٨، ساڵی ٣، چاپخانەی النجاح، بەغدا، ١٩٤٢.

٤- ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٢٣٦، مطبعة بلدية، سلێمانی، ٢٤ نیسانی ١٩٣٠. لە: ڕۆژنامەی ژیان، دووەم بەرگ، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح، لێکۆڵینەوە سدیق ساڵح، زنجیرە چاپکراوی شارەوانیی سلێمانی. ٢٠٠٣.

٥- ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە ٢٧، چاپخانەی حکومەت، سلێمانی، ٢٨ ئۆکتۆبەر ١٩٢٠.

٦- ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژمارە ١٤ ساڵی یەکەم، چاپخانەی بلدیە، سلێمانی، ١٩٢٥. لە: عەبدوڵلا زەنگەنە، ژیانەوە و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا ١٩٢٤ – ١٩٢٦، دەزگای جاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠.

٧- حسن عمید، فرهنگ عمید، سە جلدی، جلد دوم، انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٧٥.

٨- د. سرور عبدالله، حرکة الحداثة في الشعر الکردي، مطبوعات مرکز چاودێر، مطبعة حمدي، السلیمانیة، ٢٠١٢.

٩- پ.د.شوکرییە (شەکراو) ڕەسووڵ، زەینەب خان «کچە کورد» خانمە شاعیری پێشەنگ لە خەبات و کۆڵنەداندا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨.

١٠- شێخ محمدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، جزمی سێهەم، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧٦.

١١- حوسێن حوزنی موکریانی، ئاوڕێکی پاشەوە، زاری کرمانجی،ڕەواندز، ١٩٣١. لە: سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١. ل. ١٣٧.

١٢- حمدی عزیز آغا، الفبای کوردی، مطبعة الفرات، بغداد، ١٩٢٦.

١٣- عبدالخالق علاء الدین، دڵدار، شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، دار آفاق عربیة، بەغدا، ١٩٨٥.

١٤- عثمان المفتي، زينب خان، الأديبة الكبيره التي لم ينصفها التأريخ، بدون مكان الطبع، اربيل، ٢٠١٨.

١٥- د. محمد نوری عارف، زەینەب خان «کچە کورد»، شوێنی چاپی نییە، ٢٠١٨.

١٦ - محەمەد حسێن عەلی زەهاوی، مێژووی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، نامەی دکتۆرا، چاپ نەکراوە، ٢٠٠٦.

١٧- مصطفی نەریمان، ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ و ڕیشەوە، دار الحریة للطباعة، بەغدا، ١٩٨١.

١٨- معروف قەرەداغی، فەرهەنگی کشتوکاڵ، بەرگی دووەم، چاپخانەی دار السلام، بەغدا، ١٩٧٢.

١٩- گیوی موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢.

٢٠- گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، هەولێر. ٢٠١٧.

٢١- دوکتۆر کەمال مەزهەر، مێژوو، مطابع دار آفاق عربیة، بەغدا، ١٩٨٣.

22- Jamal Jalal Abdulla, Some Aspects of Language Purism among Kurdish Speakers. PhD dissertation, «unpublished», University of York, England, 1980.